گۆرڤاێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە

مۆڵەتی ژمارە (368)سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی وەرگرتووە

تشرینی دووە م 2009.11.1 ژمارە 23


# تاڵەبانی بۆسەرەنجیعەرەبەکانزۆرجار سازشی لەپرسەکانی کورد کردووە



# پارتی و یەکێتی دەبێت زوو فریای گۆڕینی سۆزانی خاڵە شەهاب بکەون




خاوەن ئیمتیاز:

- کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

سەرنووسەر:

- محەمەد فەریق

بەرێوەبەری نووسین:

- گۆران رسوڵ زەوقە

دیزاینی بەرگ :

- هوشنگ عمر

دیزاین:

- محەمەد بابان



ناونیشان:

نوسینگەی هەولێربرایەتی 40 مەتری

( 07504412444 )

( 0662568812 )

cherka_mag@yahoo.com



چاپخانەی کوردستان

(07701532640)

بڵاوکردنەوە:خانەی کاوان

(07504612568)

# کابینەی نوێی حکومەت

پێم وانییە کابینەی شەشـــەم لە کابینەی پێنجـــەم کاراتـــرو چالاکتر بێـــت یاخود بەرنامەی باشـــتر و نوێ تـــری پێ بێت یاخـــود بتوانـــی ســـەرکەوتوو تربێت،بە تایبەتـــی کە حکومەتی ئەم جارە ڕووبەڕوی ئۆپۆزســـیۆنێکی جـــددی دەبێتـــەوە لـــە پەرلەمانـــی کوردســـتان و پێکهاتەی ئەم ئۆپۆزســـیۆنەش هەمومـــان دەزانین کە زۆربەیان دەنگە نەیارەکان و ناکۆکەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستانن و سەرۆکی حکومەتی نوێـــش کاراکتەرێکی گرنگی یەکێتی یە.هەروەها ئەو هەموو بەڵێنانەی کە لیستی کوردســـتانی بە هاولاتیانی دا پێـــم وانییە لە بارودۆخی کابینەی نوێ دا بتوانرێ جێ بە جـــێ بکرێت بە تایبەتی ڕووبەڕوبوونـــەوە لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی. لە کابینـــەی پێنجـــەم دا زۆر باس لەوە دەکـــرا کە گوایە حکومـــەت دیکتاتۆرەو لەرزۆکەو نـــاداد پەروەرە.بۆیە بە کۆتایی هاتنـــی ئـــەم کابینەیـــە کۆمەڵێك لایەن و هاولاتیـــان زۆرگـــەش و کەیف خۆش بوون کـــە کابینـــەی نوێ و ســـەرۆکی حکومەتی نوێ و گۆڕانی بەپرســـەکانی ئیداری هۆکاری فریا کەوتنە لەو کێشـــە زۆرانەی کە لە کوردســـتان بوونیان هەیە. لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردســـتان ( د. بەرهەم) هەوڵـــی زۆری دا بۆ کپ کردن و نەهێشـــتنی دەنگـــە نەیارەکانی لیستی کوردستانی بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی،بەڵام وەکو بینیمان بێسود بوو لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان توشی شۆك هات. هەرچۆنێـــك بێـــت کابینـــەی شـــەش چاوەڕوانییەکی زۆری لێدەکرێ و کۆمەڵێك ئەرك و بەڵێنی لە ئەســـتۆدایە و هەروەها تـــەواو کردنی پرۆژە و کارەکانی کابینەی پێنجـــەم کە دەرفەتی جێ بە جێ کردنیان بۆ نەرەخســـاوە و تەواو نەکـــراون یاخود دەسەلاتی حزبی ڕێگەی نەدا،یان مەسەلە شەخســـی و میزاجیـــەکان ڕێگـــر بوون. پێم وایـــە کابینەی (نێچیرڤـــان بارزانی) ســـەرەرای هەبوونی کێشـــە و ئاڵۆزی زۆر لـــە ناو حکومەتەکەی بـــەلام تا ڕادەیەك ســـەرکەوتوو بوو لە ئـــەوەی کە هەرێمی کوردستانی لە ململانێ نێو دەوڵەتییەکاندا دەربخـــات و لە شـــوێنە جیاوازەکانی ناو هەرێمیش،خزمەتگوزاری و پرۆژەی باشی پێشـــکەش بکات و هەروەها تا ڕادەیەکی باش لێك تێگەیشتن و ڕوحی لێبوردەیی لە نێوان ئەحزابە سیاسیەکانی ناوخۆی هەرێم دروســـت بکات و لێکیـــان نزیك بکاتەوە. بۆ دەربـــاز بوون لە کێشـــە و گرفتەکان و بەدیهێنانی ویســـت و ئامانجی لیستی کوردســـتانی پێویســـتە (د. بەرهەم) لە حوکمرانـــی ژێر دەســـەلاتی خۆی بە یەك چاو ســـەیر بـــکات و خـــۆی دووربگرێت لە ناوچە پەرســـتی و بایـــەخ دان بە یەك لایەن،چونکـــە ئـــەو بە دەنگـــی خەڵکی هەموو ناوچەکان بۆتە سەرۆکی حکومەت و تـــا ئەو ڕادەیە کـــە دەتوانرێ بگوترێ لە پارێزگای سلێمانی دەنگێکی ئەوە تۆی پێنەدراوە کە بیەوێ تەنیا بۆ سلێمانی ئیش بکات.بۆیە ئەو دەبێ مێژوویەکی ڕەنگین و پڕ لە ســـەروەری بۆ خۆی تۆمار بکات و هەوڵ بـــدات لە کاتی ئەدای حکومەت دوربکەوێتەوە لە کێشەی ناوخۆیی یەکانی حزبەکەی و حکومەت بـــۆ بەرژەوەندی و چاکسازی حزبەکەی بە کارنەهێنێت و دڵنیا بێت بە هیچ شـــێوەیەك شەقامی کوردی ڕازی نابێ کە حکومـــەت بۆ بەرژەوەندی یەك لایەن و یەك حزب و یەك ناوچە بێت. (د.بەرهەم) پێویســـتە بزانێ کە خەڵك لە چی بێزارە و دەرگاکانی پەیوەندی لەگەڵ هاولاتیان بکاتەوە و خۆی دور نەگرێ کە وای لێ بێت بەس لە تەلەفزیۆنەکان ببیندرێ. کابینەی شەشەم بە هەموو پێکهاتەکەیەوە لـــە بـــەردەم تاقیکردنەوەیەکـــی مـــەزن دایە کە تـــا چەند دەتوانـــێ بەڵێنەکانی لیســـتی کوردســـتانی بێنێتـــەدی. پێویســـتە کابینـــەی نوێـــی حکومـــەت هەوڵـــی زیاتر بدات دەســـەلاتی یاســـا ســـەروەر بێت و ســـود لە ئەزمونە باش و خراپەکانـــی کابینەی پێشـــو وەربگرێت.



**کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد**

# کردنەوەی قنسوڵگەی تورکیا لەهەولێرپشکۆکەی یەکگرتوو دەگەشێنێتەوە

**ڕاپۆرتی:گروپی توێژینەوە**



خۆڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆسالی 1993 ، ئەو کاتەی کەبزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتیدا لەجەنگێکی جەکداری دابوو، ئەو جەنگە وای کرد بزوتنەوەی ئیسلامی توشی شکستێکی جەماوەری گەورە ببێت ، نەتوانێت وەکو ڕابردو ململانێی هێزە سیاسیەکان بکات، دەکرێت بلێین یەکێتی گورزێکی کوشندەی لەبزوتنەوەی ئیسلامی دا، ئەم گورزەش وای کردوە دوای تێپەڕبونی لەشازدەساڵ پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە ئاسایی نەبێتەوە، ئەوی تێبینی دەکرێت هەنوکە بزوتنەوەی ئیسلامی لەپارتی دێموکراتی نزیکترە وەك لەیەکێتی . ئەو کاتە کەبزوتنەوە سەقالی بەڕێوەبردنی جەنگ بوو لەگەڵ یەکێتیدا ، بالی ئیخوان مسلیمینی (باڵی میانڕەو کەپێشتر لەناو بزوتنەوەدا کاریان دەرکرد) وەك حزبێکی سیاسی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، ئەو راگەیاندنە یەکگرتووی توشی دووقەیرانی سەرەکی کردوە،





قەیرانێك پەیوەندی هەبوو بەتێروانینی ئەندامە ئیسلامیەكان بۆ یەكگرتوو، یەكگرتوو كەوتە بەر ڕەخنەیەكی توندی لایەنگرانی حزبە ئیسلامیەكان و وایان هەست دەكرد لەبری كاركردنی یەكگرتوو لەمەیدانی سیاسی پێویست بوو ئەو ئیسلامیانەی وەك یەكگرتوو خۆیان ناساندوە، هاوشێوەی برا ئیسلامیەكانی بزوتنەوە لەگەڵ یەكێتیدا بكەونە جیهاد كردن .لەلایەكی تریشەوە بەهۆی ئەوەی یەكگرتوو خۆی بۆ ئەو راگەیاندنە ئامادە نەكردبوو، وای كرد توشی قەیرانی دارایی و ریكخستن .....هتد ببێتەوە. گەشەكردنی یەكگرتوو سالًی نەوەدەكان وەرزی گەشەكردنی یەكگرتوی ئیسلامی بوو، لەو چەند ساڵەدا یەكگرتوو توانی گەشەیەكی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، بەهۆی ئەوەی كۆمەڵگەی كوردی لەبەردەم قەیرانی ئابوری یەكی سەختدا بوو، ئەو قەیرانە ئابوری یە رۆڵی سەرەكی هەبوو لەگەشەپێدانی یەكگرتوو. یەكگرتوو توانی لێزانانە ئەو بۆشای یە بقۆزێتەوە كەلەئەنجامی شەری ناوخۆ دروست بوو بوو، رێكخراوە خێرخوازیەكانیش بونە پاڵپشتی یەكگرتوو ، لەریگە دابین كردنی كۆمەكی خێرخوازی و دابینكردنی موچەی مانگانە بۆ بێ باوكان و بێنەوایانی هەرێمی كوردستان. وەرزی مت بوونی یەكگرتوو



وەرزی سـەربونی یەکگرتوو دەگەڕێتەوە بـۆ پێکهاتنـەوەی پارتـی و یەکێتی ، ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنی نێـوان ئەو دوو حزبـە کەسـاڵانێکی زۆربـوو جەنگ لەنێوانیاندا بەرپێوەدەبـرا .ئەو ڕێکەوتنە وای کـرد لەبـری ئـەو دوو حزبە وزەی خۆیـان لەبەرامبـەر یەکتریـدا بەکار بهێنن، ئاراستەی بەکار هێنانی وزەکەیان گۆڕی بۆ یەکگرتوو، ئەمەش وای کرد یەکگرتوو چیتر نەتوانێت لەگەشـەکردن بەردەوام بێت ، بەلکـو یەکگرتوو چووە قۆناغـی سسـت بوون.بەتایبەت دوای ئەوەی کەهاولاتیان بۆیان دەرکەوت ئەوەی یەکگرتوو لەحزبەکانـی تر جیا دەکاتەوە ناچەکداری یە نەك پرۆژەیەکی جیاوازتر بۆ مەسـەلەی خزمەتکردنی هاولاتیان .

سەرهەلدانی ململانێی ناخۆیی یەکگرتو لـەدوای هەلبژاردنەکانی25_7_2009 ململانێکانی ناو یەکگرتوی ئیسـلامی بەروونی هەسـتیان پێدەکرێـت ، دوای جیابونـەوەی ڕەوتی گەشـە و دەسـت لەکارکێشـانەوەی (عبدالرحمان سدیق) ئەندامی مەکتەب سیاسـی یەکگرتوو، یەکگرتـوو لەدۆخـی ئالـۆزدا بـرەو بەکارەکانـی خۆیـی دەدات، ئیسـتاکە یەکگرتـوو پێکهاتەیەکـە لـە دووباڵی سەرەکی ، باڵی یەکەم پێان وایە کە دەبێت گۆرانکاری جدی لەناو خۆی یەکگرتوودا بکرێـت و یەکگرتـوو تێروانینی خۆی لەهەمبەر سیاسیەت و تێگەیشتنی ئاینی بگۆڕێـت و سـەرلەنوێ لەقۆناغێکی سـەردەمیانەدا دایبرێژێتـەوە، کەبەباڵی ڕیفۆرم خواز ناسراون، بەلام تاکو ئیستا کاریگەرییێکی ئەوتۆیان بەسەر یەکگرتووە نی یە، باڵی دووەم دەکرێت ناوبنێرێن باڵی موحافیزیـن، کەکاریگەرتین و زۆرترین کەسـانی ناومەکتەب سیاسی یەکگرتوو پێك دێنن، بۆچونیان وایە کەشکستەکانی ناو یەکگرتوو بەهۆی دەسـت بەرداربونی ئاینیـەوە سـەری هەلداوە، ئیسـتاکە ئەو دووباڵـە بەدوو ئاراسـتەی جیاواز کاردەکـەن ، پێدەچێت ئەگەر یەکگرتوو بەخۆداچونەوەیەك نەکات بەهەمان شێوەی باڵی ریفۆرمی ناو یەکێتی نیشتمانی بێنە دەرەوە، بەشـێوەیەکی جیا مومارەسـەی سیاسـی خۆیـان بکـەن، بەتایبـەت لەئیسـتادا کە لایەنگرانی عبدالرحمان سـدیق و گرپی گەشە لەزیاد بووندان .

یەکگرتوو لەبەردەم چارەسەری قەیرانەکاندا یەکگرتـوو بەهەموو شـێوەیەك هەوڵ دەدات کەتوشـی شکسـتی یەکجارەکی نەبێت ، بۆ ئەمە مەبەسـتەش لەهەوڵی ئەوەدایە گفتوگۆ لەگەڵ باڵی ریفۆرمدا بکات و خواستەکانیان جێ بەجێ بکات، بەشدار نەکردنیشی لەکابینەی شەشەمی حکومەتـی هەرێم یەکێك بـوو لەجێ بەجێکردنـی داواکانی باڵـی ریفۆرم ، لەپیناو برەو دان بەگەشەپێدان جەماوەری یەکگرتوو، ئیستاکە یەکگرتوو لەدراسەی ئەوەدایە کەپـرۆژەی لیکردنەوەی ناوی ئیسلامی جێ بەجێ بکات، هەولدەدات دوو ئەنجومەنی جیاواز لەناو یەکگرتوودا دروست بکرێن، ئەنجومەنێك سەرپەرشتی کاری بانگـەوازی کردنـی دینی بکات ، ئەنجومەنەکـەی تریـش سـەرقاڵی مومارەسـەی کاری سیاسـی بـن، بۆ سـەرکەوتن لەم کارانەش لەهەولی سود وەرگرتـن دایە لەئەزمونـی حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا، کەحزبێکی ئیسلامی دەسەلاتدارە لەدەولەتی تورکیا، تاکە شتێك کەیەکگرتوو پێی گەشبینە بۆ هەستانەوەی لەگۆڕەپانی سیاسی کردنەوەی نوسینگەو قنسـولگەری تورکیایـە لەهەرێمـی کوردسـتان، لەم ڕێگەیـەوە یەکگرتوو دەیەوێت ئەوقنسولگەریە ببێتە پاڵپشتێکی سیاسی و ئابوری دبلۆماسی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و دنیای دەرەوە، بەتایبەت لەئیسـتادا یەکگرتوو لەبەرامبەر حزبە بچوکەکانی تری وەك کۆمەل، بزوتنەوەی ئیسـلامی، سۆسیالست و زەحمەتکێشان ....هتد هەسـت بەبێ پشـت و پەنای سیاسـی دەکەن لەهەرێمی کوردسـتان.

## عوسمان ئۆجەلان :

# لەمستەفا بارزانی یەوە مەسەلەی نەتەوایتیم بیست



عوسمان ئۆجەلان بۆ گۆڤاری چرکە باس لەدەست کردنی بەخەباتی نەتەوەیی دەکات ئاماژەبۆ ئەوە دەکات کەمەسەلەی نەتەوەیی لەبارزانی نەمرەوە بیستوە و ئەو سەرکردەیە کاریگەری هەبوە لەسەر پەسەرندنی هەستی نەتەوەی لەسەر ئەو و دەست کردن بەخەباتی کوردایەتی ، ووتی»خەباتی نەتەوەی لەکوردستانی تورکیا لەساڵی 1975 دەستی پێکرد ، پێشتر خەبات زۆر لاواز بوو، لەساڵی شێستەکان لەهەموو جیهان بزاوتی نەتە وەیی بەرزدەبۆوە، لەئاسیا و ئەفریقا،میللەتانی ژێردەست دەگەیشتن بەئامانجی خۆیان وز ئازاد دەبوون ، لەکوردستانی باشور تێکۆشین

## ئا: چرکە



هەبوو، ڕەحمەتی مەلا مستەفا سەرۆکی تێکۆشین بوو، لەدژی عێراق شە ڕی چەکداری دەکرد، هەرچەندە شۆڕش تێك چوو لەکوردستانی عێراق بەڵام سەرکەوتنی میللەتانی ژێردەست لەجیهان

کاریگەری هەبوو لەسەر بەردەوام بوونی خەباتی کوردایەتی، بۆیە لە کوردستانی گەورە(کوردستانی تورکیا) لەناوەڕاستی حەفتاکان خەباتی نەتەوەیی دەستی پێکرد، زۆر گروپ هەبوون بەناوی جودا وەك (ڕێی ئازادای، رزگاری، شۆڕشگێری کوردستان ...هتد)لەناو ئەو گروپانەدا کەدەیخواست کورد بەشێوەیەکی چەکداری بگاتە ئامانج پەکەکە بوو، گروپەکانی تر مەبەستیان بوو لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە داخوازی نەتەوەیی بهێنەچێکردن، تێڕوانینی ئەو گروپانە بۆ ئەوسا شتێکی ڕاست نەبوو، چونکە تورکیا نکۆڵی لەبونی کورد دەکرد، چ جای ئەوەی بەڕێگەی ئاشتی مافی کوردان دابین بکات، بۆیە شەڕی چەکداری بۆ ئەو کاتە زۆر پێویست بوو، کاتێك پەکەکە خۆی ڕاگەیاند بارودۆخی کۆماری تورکیای گۆڕی،من ئەوکاتە مەسەلەی نەتەوەیم لەمەلامستەفا بارزان بیست، تێکۆشینی کوردستانی عێراق تێگەیشتنی نەتەوەیی لەکوردستانی تورکیا دروست کرد، گروپی (شۆڕش گێری کوردستان) کەئاپۆ سەرۆکی بوو، کەگروپەکە بەناوی ئاپۆوە دەهاتەناسین، بۆیە ئێمە بڕیارمان دا لەخزمەتی خەباتی نەتەوەیدا بین، لەوساتەوە تاکو ساڵی 2004 لەناو پەکەکەدا خەباتم کرد ، دیارە فکری پەکەکە فکرێکی چەپە، بەڵام من فکرێکی راستم هەیە، پەکەکە بزاوتێکی سۆسیالستی بوو، بەڵام من مرۆڤێکی لیبڕال و دیموکرات بووم. عوسمان ئۆجەلان کەئیستا وەك کەسایەتی یەکی سەربەخۆ کاری سیاسی دەکات، باس لەوە دەکات کەدوای هەلاتنی لەناو پەکەکە بڕیاری داوە هێزێکی

سیاسی نوێ دروست بکات،بەڵام ئەو خواستەی ئەو بەدی نایەت هەروەك خۆی ووتی»لەساڵی نەوەدەکان کەمن لەناو پەکەکە بووم ئۆپۆزسیۆن بووم، هەوڵم دەدا گۆڕانکاری لەناو پەکەکەدا بکرێت تا 2004 هەوڵم دا ، بەڵام کاتێك ڕێگەی گۆڕانکاریم نەما لەناو پەکەکەدا هەڵاتم لە90%ی کادیران لەگەڵ من بوون ، لەکۆنگرەی دامەزراندنی گەل فکری ئێمە بوو بەقەرار ، سەرۆکی پەکەکە بە ڕێز ئۆجەلان و ئەندامانی سەرکردایەتی و دامەزرێنەرانی پەکەکە دژایەتی ئەو بۆچونەی ئێمەیان دەکرد، دژایەتی ڕیفۆرمیان دەکرد، بۆیە هەوڵیان دەدا ئێمە بکوژن یان زیندانیمان بکەن. ئەو تەجروبەیەی ئێمە بۆدروست کردنی هێزێکی نوێ سەرنەکەوت بۆیە ئێمە بڕیارمان داوە وەك تاکە کەسی خەباتی سیای بەکەین، بەڵام ڕێکخستن دروست ناکەین، بۆیە لەساڵی 2005 وە تاکو ئیستا خەباتی من خەباتێکی شەخێی یە، تاکو دەگەڕێمەوە کوردستانی تورکیا، تاکو ئە کاتەی دەچمەوە ناو خەڵکی خۆم لەکوردستانی باکور پارت دروست ناکەم ، کاتێك گەرامەوە پارت دروست دەکەم و خەباتی سیاسی پەرە پێدەدەم» لەبارەی بروای ئەو بەخەباتی سیاسی عوسمان ئۆجەلان دەڵێت»زروفی کوردستانی تورکیا وەك زروفی بەشەکانی تری کوردستان نی یە ، لەکوردستانی باکور بیست ملیۆن کورد هەیە، بۆیە گەر لەکوردستانی تورکیاخەباتێکی بەهێزی سیاسی هەبیت ئەوە کاریگەری دەبیت لەسەر پارچەکانی تری کوردستان، تەجروبەی دنیاش سەلماندویەتی

کەخەباتی چەکداری مۆدیلی بەسەر چوە، من پێم وایە لەهەمووشت زەرورتر خەباتی سیاسی یە، بۆیە من دوای وەستاندنی خەباتی چەکداریم دەکرد، هەوڵم دەدا پەکەکە پەرە بەخەباتی سیاسی بدات، نەك تەنها خەباتی چەکداری لەبارەی تێڕوانینی ئەو بۆ پەکەکە لەئیستادا دەڵێت»من دەلێم پەکەکە لەهەموو حزبەکانی تری کوردی لەپەنجا ساڵی رابردوو کەتێکۆشینی کردبێت پەکەکەیە، ئەو خەباتەی پەکەکە جێگەی ڕێزگرتنە، ئەرتەشی تورك دووەم هێزی سەربازی یە لەرۆژهەلاتی ناوەراست، پەکەکە لەدژی جەنگاوە، بۆیە پەکەکە خەباتێکی سیاسی زۆر گەورەی کرد بۆ کورد، خەباتی چەك داری ، سەربازی، هونەری، پەکەکە یەکەم دامەزراندنی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی کوردی لەلاین پەکەکەوە بوو، لەدروست بوونی حکومەتی هەرێم پشکی پکەکەی پێوە دیارە، بەڵام لەئیستادا پەکەکە لەگۆرەپانی سیاسی رۆڵێکی لاوازی هەیە« عوسمان لەسەر مەسەلەی چارەکردنی قەیرانی کورد لەتورکیا و کارکردنی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە ووتی «ئیستا تورکیا کاری باش دەکات بۆ راکێشانی سەرنجی ولاتان لەسەر مەسەلەی چارەکردنی کێشەی کورد لەتورکیا،تورکیا دەیەوێت لەریگە پرسی کورد سەرنجی یەکێتی ئەوروپا بۆ لای خۆی رابکێشێت، وانیشانی دنیا بدات کەدەوڵەتی تورکیا ئاشتی خوازە، دەبینین چەندین پرۆژەی لەم بارەیەوە خستۆتە ناو راگەیاندنەکانەوە، بەڵام پەکەکە لەو نێوەندەدا هیچ قسیەکی نی یە، ئەوەی هەیە تەنها نەخشە ڕێی بە ڕێز ئاپۆیە« عوسمان ئۆجەلان تیشك دەخاتە سەر رۆلی پارتە کوردیەکانی تورکیا بەتایبەت پارتی (dtp) و ووتی « ئەوان دەزانن سیاسەت بکەن، احمد تورك کەسێکی بەتوانایە لەباری کارکردنی سیاسی یەوە،دەبینین لەهەڵبژاردنەکان لەناوچە کوردنشینەکانی سەرکەفتن بەدەست دەگرن»

# پەکەکە هەوڵی دا من بکوژێت





# د.بەرهەم لەنێوان بەرداشی شکست و سەرکەوتندا

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**



# د.بەرهەم دەتوانێت چارەسەری نەخۆشیەکانی

هەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی یە، کابینەی پێنجەم بەسەرۆکایەتی (نێچرڤان بارزانی ) کۆتای بەکارەکانی خۆی هێنا، حکومەت رادەستی (د.بەهەم سالح ) دەکات بۆ وەگەرخستنی کارەکانی کابینەی شەشەم. ئەگەر کابینەی پێنجەم کۆمەڵێك کەم و کوڕی تێدا بەرجەستەبووبێت، بەڵام بەهەموو پێوەرە سیاسی و ئیداریەکان دەکرێت وەك کابینەیەکی سەرکەوتوو سەیری بکرێت، بەتایبەت ئەگەر کابینەی پێنجەم بەراورد بکرێت بەکابینەکانی تری حکومەتی هەرێم، ئەوە کابینەی پێنجەم توانیویەتی گۆڕانێکی کردەیی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بکات و بەشێکی زۆر لەخواستەکانی هاوڵاتیان بەدی بهێنێت.لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێك کاری تەواو نەکراو و کێشەی هەڵبەسێردراو هەن کە جێ بەجێکردنیان دەکەوێتە ئەستۆی کابینەی شەشەم.

**د. بەرهەم چۆن ڕێگە لەدەستی حزب دەگرێت**

ئەو پرسیارەی گرنگە بخرێتە ڕوو ئەوەیەکە تاچەند کابینەی شەشەم دەتوانێت گۆڕانێکی جیاوازتر لەکابینەی



## ی یەکێتی بکات

ڕابردوو پراکتیزە بکات؟ ئایا د.بەرهەم ساڵح بەهەمان شێوەی نێچرڤان بارزانی دەتوانێت دەستی حزب لەکارەکانی حکومەتدا سنوردار بکات؟ ئایا دەتوانێت وەڵامی نوسراوەکانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی حزب نەداتەوە؟ ئەگەر د.بەرهەم تاك لایەنە بڕیار بدات، لەبڕیارداندا نەگەڕێتەوە بۆ مەکتەب سیاسی یەکێتی؟ لەئایندەدا چارەنوسی ئەو لەناو یەکێتی نیشتمانیدا بەچ ئاقارێك دەگات؟ ئەی چۆن دەتوانێت ئەو فرەجەمسەریەی ناو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی لەخۆی زویر نەکات و خواستەکانی هاولاتیانیش فەرامۆش نەکات؟....

**د.بەرهەم چارەسەری شکستەکانی یەکێتی دەکات ؟**

هەموو یەکێتی یەکان (د.بەهەم ساڵح وەك گەورەترین و کاریگەرترین کاراکتەری یەکێتی دەبین ، بەشێکی زۆر لەیەکێتی یەکان پێیان وایە تاکە کەسێك کەبتوانێت ئەو بلانسە لاسەنگەی لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بووە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و دنیای دەرەوە چارەسەر بکات (د.بەرهەمە) هەموویان بەگەشبینی یەوە بۆ هەوڵەکانی دەڕوانن، خواستی ئەوەیان هەیە سەرۆکی حکومەتی کابینەی شەشەم دەنگە نارەزایەکانی ناو یەکێتی چاك بکاتەوە، جارێکی تر متمانەی یەکێتی بۆ ناو جەماوەر بگەڕێنیتەوە، یەکێتی حزبە لاوازەکەی ئیستا بکاتەوە بەمنافیسەکەی پارتی، چارەسەر ئەو کێشەو قەیرانە ناوخۆیانە بکات کەچەند ساڵێکە یەکێتی پێ یەوە دەتلێتەوە. هەیمەنی کۆسرەت بەسەر د.بەرهەمدا دوای دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی باڵی ڕیفۆرمی یەکێتی، بەهەموو شێوەیەك باڵی گشتی کەوتن ململانێی باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ لەهەوڵی لاوازکردنیدان، بەڵام کۆسرەت هەمیشە توانیویەتی وەك کارکتەرێکی لێزان هەیمەنەی خۆی بەسەر مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیدا بهێڵێتەوە، هەمیشە کۆسرەت کارتی بەهێزی لەبەرامبەر دژەکانیدا لەناو دەستدایە، کاندیدکردنی کۆمەڵێك کەس لەدەروێشە سیاسیەکانی خۆی بۆپەرلەمان باشترین گەواهیدەری ئەو ڕاستی یەن، کۆسرەت یەکێك بوو لەو کەسانەی زۆر سەر سەختانە بەرگری لەکاندید کردنی بەرهەم ساڵح دەکرد بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت ، ئەم بەرگریکردنەی کۆسرەت لەبەرهەم ساڵح ئامانجی تایبەتی خۆی لەپشتە،کەزیاتر خۆی لەجێ بەجێکردنی




خواستەکانی هەوادارانی کۆسرەتدا دەبینێتەوە لەحکومەتدا، راستکردنەوەی ئەو بالانسەی کەچەند سالێکە (ئەرسەلان بایز) لەناو جەماوەری کۆسرەت رەسول لەهەولێر دروستی کردوە، کۆسرەت گەرەکیەتی ئەو پالپشتیەی ببێتە سەرەتایەك بۆ کێش کردنی بەرهەم سالح بۆ ناو کوتلەکەی خۆی و بەهێزکردنی پێگەی زیاتری ئەو لەسەنتەری بریاردانی یەکێتی .

**چارەنوسی گۆڕان لەکابینەکەی بەرهەم سالح دا**

گۆڕان لەهەڵبژاردنی 7-25 زۆر لێزانانە توانی گرفتە سەرەکیەکانی ناوخۆی یەکێتی بقۆزنەوە، گەندەڵیەکانی یەکێتی لەسنوری پاریزگای سلێمانی کەشف بکەن، لەم ریگەیەوە هەستی جەماورەی پاریزگای سلێمانی بۆ لای خۆیان رابکێشن. هەرچەندە (د.بەرهەم سالح) وەك کاراکتەرێکی بەهێز دیاری کرابووبۆ ئەوەی بتوانێت دەنگی گۆران لەپاریزگای سلێمانی بکوژێت و بالی ریفۆرمی جیابووەی یەکێتی بەهەتاهەتایە لەناو ببات، بەڵام بەرهەم سالح نەیتوانی ئەم کارە بکات.دوای پێکهێنانی کابینەی شەشەم ململانێ یەکی تری نێوان (د.بەرهەم ) لیستی گۆڕان دەست پێدەکات، لەئیستاوە لیستی گۆڕان کە(25) کورسی پەرلەمانیان لەبەردەستدایە، لەخۆئامادەکردندان بۆ شکست پێهێنانی هەر هەوڵێکی حکومەت، ئەو لیستە دەیەوێت ببێتە چاودێری سەرەکی هەموو هەنگاوەکانی حکومەت، ئەمەش بەلای (د.بەرهەمە) وە سەخترین گرفتە کە کابینەکەی رووبەروی دەبێتەوە. ئەمانەو چەندین گرفتی تری گەورە لەبەردەم کابینەی شەشەمی حکومەتدان، کەدەبێت سەرۆکی حکومەت بەپلانێکی تۆکمەوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەبکات،هەرچەندە یەکێتی لێشاوێك نوسەر و رۆژنامەنوسی تەرخان کردوە، بۆ ئەوەی بەر لەو جەنگە دەرونیە بگرن کە (د.بەرهەم سالح) ڕووبەرووی دەبێتەوە، کاری جدی بکەن بۆ جوانکردنی وێنەی کابینەی شەشەمەی حکومەتی هەرێم لەبەردەم جەماوەردا، بۆئەوەی یەکێتی یەکان بیسەلمێنن کەحزبەکەیان لەئاستێکی بەرزدایەوە، توانای ئەوەی هەیە خواستەکانی جەماوەر بداتەوە، بەڵام ئایا ئەو ڕۆژنامەنوس تەرخانکراوانە دەتوانن وێنەیەکی جوان بەسەرۆکی حکومەتی ئایندنە ببەخشن ئەگەر خۆی کاری جوان و ناوازە نەکات؟ ئایا هاوڵاتیان چاوەڕوانی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارین یان بەڵێنەکانی ڕابردوو.

# چونی فــازل میرانی بۆ بەغدابۆشــایی دەخاتــە ناومەکتەب سیاســی پارتی

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**





## هەڵبژاردنەکان نەخشەی عێراق دەگۆرن

ماوەك لەمەوبەر (د.بەرهەم ساڵح ) دەستی لەپۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی عێڕاق کێشایەوە بەهۆی ئەوەی لەلایەن لیستی کوردستانی (کەپێکهاتەی پارتی ویەکێتی یە) بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی شەشەم دەست نیشانکرا، پێش دەست لەکارکێشانەوەی بەرهەم سالح بەهۆی سەرقاڵبونی بەکاری لیستی کوردستانی ئەو پۆستە بەفەراغی مابۆوە، زۆریك لەسیاسیەکان بۆشایی ئەو پۆستەیان بەکارێگی نێگەتیف بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی لەقەڵەم دەدەن، بەهۆی ئەوەی ئەو پۆستە جێگەیەکی گرنگ و پربایەخە بۆئاگاداربوون لەو بڕیارانەی لەئەنجومەنی وەزیرانی عێڕاق دەردەچن، بۆیە پارتی و یەکێتی لەهەوڵی ئەوە دابوون کەسێکی بەتوانا بۆ جیگرەوەی شوێنی پێشوی (د.بەرهەم ئەحمەد سالح) دەست



نیشان بکەن ، بۆ ئەوەی کورد هەیمەنەیەکی زیاتری لەناوەندی بڕیاردانی بەغدا هەبێت.

### فازل میرانی دەبێتەجێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق

بەهۆی ئەوەی پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنێکی سیاسیان لەنێواندا، کەپێی دەگوترێت ڕێکەوتنی ستراتیژی، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئەو پۆستانەی بەدەستی دەهێنن بەتایبەت پۆستە گرنگ و پربایەخەکان لەنێوان هەردوو لا دابەش دەکرێن، بەهۆی ئەوەی لەکابینەی پێنجەم (نێچرڤان بارزانی ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لەبەرامبەر ئەوە بەرهەم سالح کەئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی یە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێدرا، بەڵام دوای ئەوەی لەکابینەی شەشەم پارتی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەخشی بەیەکێتی ، یەکێتیش بەرهەم سالحی بۆ ئەو پۆستە دەست نیشان کرد، لەبەرامبەریشدا پارتی (فازل میرانی ) سکرتێری مەکتەبی سیاسی بۆ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی ئیراق دەست نیشان کرد، وابڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا لەم پۆستە دەست بەکاربێت.

### فازل میرانی بۆشاپی دەخاتە ناومەکتەب سیاسی

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان( فازل میرانی) کاراکتەرێکی بەهێزی ناو پارتی یە، زۆرێك لەسیاسیەکان لەدوای( بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی فازل میرانی وەك کاریگەرترین ژماری مەکتەبی سیاسی پارتی لەقەڵەم دەدەن، بۆیە چونی ئەو بۆ بەغدا و وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی ئیراق ، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەداو ئیش و کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی، وادەکات جۆریك لەبۆشایی بخاتە ناو مەکتەبی سیاسی، بەتایبەت لەئیستادا پارتی پێویستی بەکەسێکی بەهێزی وەك فازل میرانی هەیە لەبەر دووهۆ، هۆیەك بۆ خۆئامادەکردنی پارتی وەك هێزێکی گەورەی کوردی لەهەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کەلەمانگی یەکەمی ساڵی ئایندەدا ئەنجام دەدرێن، کورد گەرەکیەتی ژمارەیەکی بەرچاو لەکورسیەکانی پەرلەمانی ئایندەی عێراق بەدەست بهێنیتەوە و خواستی کورد ئەوەیە جارێکی تر لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق دەنگی دووەم بێت، لەلایەکی تریش پارتی لەهەوڵی ئەوەدایە کەکۆنگرەی سێزدەی حزبی خۆی لەداهاتویەکی نزیکدا ئەنجام بدات ، بۆ ئەم کارەش پێویستی بە خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردن هەیە بۆئەوەی کۆنگرەی سێزدە بتوانێت ببێتە گۆنگرەیەی نمونەیی، کۆنگرەیەك کەپارتی بەئاقارێکی باشتردا ببات، فۆرمی ڕێکخستنەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە دابڕێژیتەوە.

### کێ جێگەی فازل میرانی دەگرێتەوە

ئەوەی تائیستا روون نی یە ئەوەیە کەکێ لەدوای فازل میرانی دەبێتە سکرتێری مەکتەب سیاسی پارتی، ئایا بەبۆشایی و جێهێشتنی ئەو پۆستە کاریگەری سلبیی نابێت لەسەر ئیش و کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی؟ یاخود ئەرك و کارەکانی ئەندامانی تری مەکتەب سیاسی سەختر ناکات؟ یاخود گەر پارتی کەسێك بۆ ئەم پۆستە دەست نیشان بکات، ئەو کەسە دەتوانێت بەفیعلی جێگەکەی ئەو بگرێتەوە یاخود تەنها گەر ئەم کارە بکرێت بۆ بەبۆشایی نەهێشتنەوەی جێگەکەی فازیل میرانی یە....هتد بۆیە زۆر گرنگە کەپارتی وەك هێزێکی سیاسی حسابێکی ورد بۆ هەموو ئەو ئەگەرانە بکات کەلەدوای فازل میرانی ڕووبەڕووی کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دەبنەوە.

## عەمید سەرحەد قادر

# ئەگەر حزبایەتی بکەم فاشل دەبم.



**دیمانەجاسم قاسم**

**هەرچەند شەو بەرنامەی دەرچونی بەرەوامی حەمرینی هەبو بۆ گەران بەدوای تیرۆریستان. بەلام چونکە وەلامی نەخێری بۆ رۆژ نامەنوسان پێ نیە.هەر لەبەر ئەوەشبو بریارماندا لە رێگا دیمانەکە بکەین.عەمیدسەرحەد قادر ئەو پیاوەی کورد بە پیاوە ئاسنینەکەو ئەمریکاییەکان بە پۆلا ناوی دەبەن. کاتژمێر سێ ونیوی شەو لەناو ئۆتۆمبیلەکەی وەلامی پرسیارەکانی چرکەی دایەوە**

**چرکە: نێوانتان لەگەڵ بەغدا چۆنە؟ بە تایبەت زۆر جار گۆبیبیستی ئەوە دەبین کە وەزارەتی ناوخۆی فیدرال هەولی کەمکردنەوەی دەرەجەی ئەفسەرە کوردەکان دەدات؟**

عەمید سەرمەد: ئەو کێشەیە ئەگەر بڵێین کۆتایی هاتوە کۆتایی نەهاتوە ئەوەی بەغدا داوای کردوە ناردومانە. چاوەرێ ی دەرکردنی فەرمانی وەزارین . ئەوەی پێوست بوە جێ بە جێ کراوە ئیتر بریار لای ئەوانە ئەیکات یان نا. بەلام بە قەناعەتی ئێمە کێشەکان پەیوەستن بەوەزعە سیاسیەکەوە. گرفتە سیاسیەکە لەگەل هەرێم چارەسەر بێت ئەوانیش چارەسەر دەبن .بە نسبەتی نێوانمان ئێمە هەموو بریارو تو جیهات و حرکات و ئیش و کارو ئەوەی هەیە لەسەر بریاری وەزارەتی ناوخۆی فیدرالە.هەرچی ئەنجامێك هەبی ئەیدەینە ئەوان .

**چرکە :مەبەستی من هەست ناکەی بریارەکانی ئەوان مەرامی سیاسیان لە پشتەوەیە؟**

عەمید سەرحەد: بریارەکان کە دەردەچن گشتین.ئەوەی بە هەلواسراوی مابێتەوە تا ئێستا مەسەلەی دەرەجەی ئەفسەرەکانە لەگەل مەسەلەی شەهید و بریندارەکان. بۆ نموونە ئەم ئێوارەیە کتابێکم بینی دوانزە ئەفسەر داوا کراوە بۆ بەرێوەبەرایەتی لێکۆلینەوەی نیشتمانی بگوازرێتەوە. کە ئەو بەرێوەبەرایەتی یە بریکاری وەزیرە کەشی کوردە.هەشت کەسیان سەربە کۆلێژی پۆلیسی بەغدا بوون هەر هەشتیان ئەمرەکەیان بۆ دەرکراوە. چوار کەسیان سەربە حکومەتی هەرێم بوونە پێیان وتون داوای لێبوردن ئەوە لیاتمان لانیە! هەموو ئەوەلیا تیشیان لایە. بە هەمان شێوە کە دەورەیەکیش بکرێتەوە بۆ دەرەوە یان شتێکی تر دەبێ داوای لێبوردن دەکەن بە پاساوی ئەوەی ئەوەلیاتیان لا نیە. کە چی شەش ساڵە هەموو ئەوەلیاتێکیشیان لایە. بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو خاڵە وەکو خۆی ماوەتەوە کە ئەوان وەکو کارتێکی بەهێز بە کاریئەهێنن .ئەوەی مەبەستیان بێت دەیکەن.بەنسبەت عەرەب و تورکمانەکان هیچ کێشەیەکیان نیە.

**چرکە: لە زۆربەی شارەکانی عێراق گروپی تیرۆریستی هەن . بەلام هەست دەکرێ لە کەرکوک ژمارەی گروپ و تاقمە تیرۆریستیەکان زیاترن و رێکخراو تریش دەبینرێن؟ نهێنی ئەم لە چیدایە؟**

عەمید سەرحەد: خۆی سنوری پارێزگای کەرکوك بە سنوری پارێزگاکانی موسل و دیالە و سەلاحەدینەوەیە زۆربەی ناوچەکەش ئەکەوێتە لای ناوچەی رەشاد و حەویجە و عەباسیە و زنجیرە شاخی حەمرین ئەو زنجیرە شاخە لە ناوچەی شەرگاتەوە دێ تا دەگاتە ناوچەی دیالە و خانەقین چوڵە هێزێکی ئەوتۆی لێ نیە زۆر ئاسانە بۆ هام و شۆی گروپە تیرۆریستیەکان. ئەو گروپانەش بە حوکمی ئەوەی کەرکوك شارێکی فرە نەتەوە و فرە مەزهەبە. دووەمیش ناوەچەی حەویجە کە پێشتر یەك نەتەوەی تیا ژیاوە زۆربەی خەلکە کەش بەعسی بوون و بارودۆخیان باش بوو. گروپەکان لە هەمویان هەن. چی جەماعەتی قاعیدە و دەولەی ئیسلامی و نەقشبەندی و ئەنسارو سونە و ئەنسارو ئیسلام و جەیشی راشدەین و جەیشی ئیبن وەلید و بەعسیەکان و کەتیبەی کورە عشرین هەموو ئەو گروپانە لە کەرکوك بونیان هەیە. ئیدی هەریەك بەپێ ی قەبارەی خۆی .

**چرکە: بۆچی زۆر جار تیرۆریستەکان دەگیرێن کەچی دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن؟**

عەمید سەرحەد: ئەوانە هەمووی ئەکەوێتەوە سەر دادگا بە راستی ئەو کەسانە دەسگیر دەکرێن کە فەرمانی دەسگیر کردنیان بۆدەرچووە. ئێستا دادگا زۆر تەرکیزی کردوتە سەر مەسەلەی شاهید یا خود ئەو کەسانەی شتەکانیان پێوە دەگیرێن. پێشتر شتەکە بەو شیوەیە نەبوو. بەهەزاران کەس بەر لێبوردن کەوتون و ئازاد کراون. کۆمەلێکی زۆر کە لای هێزی هاوپەیمانان بوون هەموو هەفتەیەك دە پانزە کەس دێنەوە سنوری کەرکوك لایەزال ئێستاش ئازاد دەکرێن. ئەوانەی لە بەندیخانەی بۆ کابون . لە هەندێ مالیشدا دەتوانم بلێم بەندیخانە بۆ ئەوان قتابخانەیەك بوە. کاتی خۆی عبوەیەکی پێ بوە بە پەنجا دۆلار ویستویەتی بیتەقێنێتەوە . وەلێ کە چۆتە بەندیخانە بوەتە کەسێکی خاوەن مەبدەئو سەر لە نوێ تەنزیم کراوەتەوە. دادگاش بە راستی کەم و کوری هەیە. زۆر جار خەلك گیراوە بە چەك تەقەمەنی زۆرەوە . بەلگەی سەردلەسەدمان هەبوە کە تیرۆریست بوە .ماددەکەی لە چوار تیرۆرەوە کراوە بە چەك (اسلحە) بۆ ئەوەی بە کەفالەت ئازاد بکرێت. ئەوانەش لەوانەیە هەندێ



جار لە ژێر مەسەلەی قەومیەت و ترساندن بێت کە کاریگەریان هەیە.

**چرکە: چەند جار هەولی تیرۆرکردنتان دراوە؟**

عەمید سەرحەد: هەر کوردێك لە سنوری پارێزگای کەرکوك بوبێت و گروپی تیرۆریستی دەستی پێ گە یشتبێ هەولی تیرۆرکردنی دراوە. بەسەدان کەس دەتوانم بلێم بەر ئەو شاڵاوانە کەوتون .ئیدی یان شەهید بوون یان بریندار کراون یا نیش کەسێکی خۆشەویستیان لە دەست داوە. ئێمەش دەیان جار هەوڵی تیرۆرکردنمان دراوە. بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ بتوانی شکست بە پیلانەکەیان بێنی

**چرکە: ئایا روویداوە وولاتێکی ئیقلیمی لە پشت هەولی تیرۆرکردنتان بێت ؟**

عەمیدسەرحەد: نزیکەی بەر لە دوو مانگ زانیاریمان بۆ هات لە وەزارەتی ناوخۆی بەغدا بە کتابی رەسمی من و برادەرێکی تر ئاگادار کراینەوە کە لەیەکێك لە وولاتەکان کۆ بونەتەوە بەڵام کەسەکان عێراقی بوون. یەکێك لە خاڵەکان ئەوە بوە ئێمە تیرۆر بکەن .

**چرکە :زۆر قسە لەبارەی فرقەی دوانزە دەکری.کاری ئەوفیرقەیە چیە لە کەرکوک؟**

عەمیدسەرحەد: کاری ئەو فرقەیە دیارە هەر دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە کەرکوك ئەو کاتەی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوك تەشکیل کرا . فەوجێکیش تەشکیل کرا فەوجی پاسەوانی نیشتمانی بوو. دوایی فەوجە کە بوە لیوایەك . ئەوانیش نکۆلی ناکرێت هاوشانی پۆلیس شەهید و برینداریان هەبوە . دوای ئەوەی بارودۆخی کەرکوك بەرەو باشی و ئارامی رۆیشت وتوانیمان تا رادەیەك ئارامی بگەرێنیتەوە بۆ کەرکوك لە 28/7/2008 بریاری تەشکیلکردنی ئەو فرقەیە درا. دیارە واجباتی ئەو فرقەیەش دەرەوەی شارە لە سنوری قەزاو ناحیەکان بەڵام سەرەتا کە هاتن کۆمەڵێك حەساسیەت دروست بوو. ئەو کابرایە بەشێوەیەك بیری دەکردەوە. قائید فرقەی زەمانی بەعس چۆن بو دەیویست ئاوا هەڵسوکەوت بکات و هەموو دەسەڵاتەکان لە بن دەستی خۆیدا بن. بەڵام دوای ئەوەی کە هاتن چەند کۆبونەوەیەکمان کرد رێککەوتین واجباتەکان بە هاوبەشی بێت . ئێمە کە دەردەچین ئەوان تەوقی شوێنەکان دەکەن . پێمان ووتونە ئەگەر زانیاریتان هەیە فەرموو مەفرەزەتان بنێرن با دەرەچێ لەگەڵمان بەڵام بۆتان نیە خەڵك بگرن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن. یا خود ئەو شتانەی دەیانگرن بیبەنە لای خۆتان چونکە ئەوە کاری پۆلیسە. دیارە ئەوانیش هەستیان کرد کارەکەی ئەوان هەڵەیە . ئێستا لە سەر ئەو بەرنامەیە ئیش دەکەن.

**چرکە :زۆر جار خەلک گلەیی ئەوە لە ئێوە دەکەن گوایا دوای رووداوەکان توند دەبن؟**

عەمیدسەرحەد: ئیستا کە تۆش لەگەڵمانیت ئەوە سەعات سێ و نیوی شەوە دەردەچین کە رۆژ بێتەوە دەتوانم بڵێم هەزاران خەڵك لە سەر ئەم پارێزگای کەرکوکە مووچەو نەسریەی خەیاڵی وەردەگرێ . بە دەیان کەس لە کەرکوك لە پیرێك بوون بە کورێك بەڵام هەموو هیلاك و زەحمەتیەکە بە سەر شانی پۆلیسەوەیە. غەیری دەوریەکانی پۆلیس هێزێکی

ترن بینی لەسەر شەقامەکانی ئەو شارە؟ بۆ نموونە ئێستا بچی تەحقیق لە دە ماڵ بکەی لەوانەیە یەکسەر جیهەتێکی ئەمنی هەبێ بڵێ ئەوە ئیش بۆ من دەکات. ئەی هەموو رۆژێك ئەو هەموو تەقینەوەیە روودەدات بۆ زانیاریت لە سەر نیە؟ یان لەوانەیە حیزب هەبێ بڵێ ئەوە تەنزیمی منە ئەم کێشانە بەراستی لە کەرکوك بە زەقی بەدی دەکرێ ؟

**چرکە: بۆ چی پاریزگا هاوکاریتان ناکات لەرووی دابینکردنی بیناو پێداویستیەکانی دیکە؟**

عەمیدسەرحەد پارێزگا ئەوەندەی توانیبێتی هاوکاری کردوین . ئەوانیش کۆمەلێك گرفتی خۆیان هەیە. رەنگە ئێستا بچیتە لایان کێشەو گرفتەکانی ئەوان زۆر تریش بن لە هی ئێمە.

**چرکە: ئەمریکا تا چەند هاوکاریتان دەکات؟**

عەمیدسەرحەد: بە راستی هێزی هاوپەیمانان زۆر هاوکاریمان دەکەن زۆر سوپاسیان دەکەین. لەدوای پرۆسەوە کە من لێرەم بە هەموو هێزی ماددی و مەعنەویەوە ئەوەندەی پێیان کرابێ هاوکاریان کردوین . هەتا سەر دەمانێك هەبوو ئەوان بۆ شەهید و بریندارەکانمان بیست و پێنج وەرەقەو پانز وەرەقەیان ئەدا . یان تەنها شوێنێك کە هەبوبی زانیاری بە ئێمە دابێ ئەوان بونە. زۆر جار لە مەسەلەی کێشەکانی ئێمە و بەغداش تەداخلیان کردوە.

**چرکە :هێزەکەی تۆ چەند کەسن و چۆن راهێنراوەن. بە تایبەت زۆر جار ئەبیستین لە کاتی پوچەلکردنەوەی ئۆتۆمبیلێکی مین رێژکراو پیایان وا تەقیوەتەوە؟**

عەمیدسەرحەد: من بەرپرسی بیست و چوار مەرکەزو سێ مەخفەرم . نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد پۆلیس و ئەفسەر و زابتم هەیە. هەموویان لە ژێر سەرپەرشتی منن. من پەیوەستم بە بەرێوبەرایەتی پۆلیسی گشتی کەرکوك ئەگەر مەبەستت لێکۆلینەوەی تاوانە ئەوان بەرێوبەرایەتیەکی جیاوازن ئەوان مینی چێندراو پوچەل دەکەنەوە. بە داخەوە حالەتێك هەبو لە کاتی پوچەلکردنەوە مفوز شوان و سیێ پۆلیس شەهید بون. کە ئەوانە لە ماوەی چەند سالی رابردوو دەیان ساروخ و ئۆتۆمبیلی مین رێژ کراویان پوچەل کرد بۆوە. بەلام بە داخەوە دواین جار لە رەحیماوە ئۆتۆمبیلێك هەبوو زۆر چوبونە پێشەوە تەقیەوە و شەهید بون.

**چرکە: زۆر پروپاکەندە لەبارەی جەنابتانەوە دەبیستین . هەندێ جار دەلێن سەرمەد سەر بە مالێکی یە. هەندێ جار دەلێن گۆڕانە. تۆ چی دەلێ ی ؟**

عەمیدسەرحەد : بە داخەوە هەندێ کەس دانیشتون تەنها خەریکی پروپاگەندەن. هیچ شتێکیان لە توانا نیە. خەلکێکی دۆراون بە مانای وشە. من ئەوانە ناو دەبەم بە مێشولە. کە تەنها گزەیەکی لێوەدێ و مرۆڤ سەغلەت دەکات. ئەگینا هیچ شتێکی تر نیە. ئەو هیلاك و ماندوبونەی ئێمە دەیکەین هەموو بۆ خزمەتی ئەو شارەیە. ئیشی من حیزبایەتی نیە ئەگەر حزبایەتی بکەم فاشل دەبم . چونکە وەکو پۆلیس رەفتار دەکەم .






# وەزارەتـی شـەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە گەندەڵترین وە



# زارەتی کابینەی پێنچەم دەرکەوت

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**

کابینەی پێنچەم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دوای کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم لە ساڵی 2005 پێکهێنرابوو، ئەم کابینەیە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی بەهۆی بوونی گەندەڵیەوە لەدوای خۆی بەجێهشت، هۆکاری سەرەکی بوونی ئەم گەندەڵیانەش، بنکە فراوانی ئەم کابینەیە بووە، کە بەشداری بە گشت حزبە سیاسیەکانی کوردستان کراوە، بۆ دەمکوتکردنی هەر لایەنێك وەزارەتیەکیان پێدەدا، تا ڕێژەی وەزارەتەکان گەیشتە 42 وەزارەت، لە کاتێکدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە 15 وەزارەت تێپەڕناکات، هەرێمی کوردستانیش بەم هەموو کێشەیەوە 42 وەزیری هەبوو، ناتوانین بێ ویژدانە قسە لەسەر کابینەی پێنچەم بکەین، چونکە ئەم کابینەیە لە بارودۆخێکدا هاتە کایەوە، هەر کەسێکی تر جگە لە نێچیرڤان بارزانی هەر ئەوەندەی پێدەکرا، بگرە خراپتریش دەبوو. کابینەی پێنچەم زۆریبەی وەزیرەکانی لە شەوو رۆژێکدا بە تەلەفۆن ئاگادار دەکرانەوە، کە پۆستی وەزیرییان پێدراوە، یاخود بە تەلەفۆن وەزیرێکییان لادەدا، زۆربەی وەزیرەکانی لەسەر ئەساسی خەباتی شاخ و کورە شەهیدو کچە شەهید هەڵبژێردرابوون، ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر ئەدای کابینەکە بەدی کرد. خزم خزمێنەو لە فلان حزبەو لە خۆمانە، ئەم ووشانە زۆر لەم کابینەیە دەبیسترا، پسپۆری و لێهاتوویی، کەم ئەساسی دامەزراندن بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە، یەکێك لەو وەزارەتانەی کە زۆرترین گەندەڵی تێدابووە، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بووە، هەرچەندە هەندێك وەزارەت وەکو ناوەخو جێگەی دەستخۆشی

بووە، چنار سەعد لە شەویێکدا بە هۆی باوکییەوە بە زەنگێکی تەلەفۆن پۆستی وەزیری پێدرا، نا شارەزایی ئەم ئافرەتەیە وایکردووە، کە تا ئێستاش دایکە شەهیدێك لەم ئافرەتەیە رازی نییە، گوناح نییە، وەزارەتی دایکانی جەرگ سووتاو بە( ئافرەتێك بدریت کە هەزاران دۆلاری بەس بۆخۆی سەرف کردوە ) کەچی تا ئێستاش بە سەدان دایکە شەهید هەیە، خاوەنی هێلانەیەك نیین، تیایدا بحەسێنەوە، ها ئەمەیە هەڵەی کابینەی پێنچەم.

سەرچاوەیەك لە ئەنجومەنی وەزیران کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە چرکەی راگەیاند ئێمە سالانە وەزارەتەکان لە لایەن هاولاتییان و کەسانی تایبەتمەند لە رووی ئەداوە هەڵدەسەنگێنن، کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە گەندەڵترین وەزارەتی کابینەی پێنچەم دەرکەوتووە، سەرچاوەکە ئەوەشی گوت»لەبەرئەوەی ئەم وەزارەتە وەزارەتێکی هەستیارەو کە دەمانویست بە هۆی ئەم وەزارەتەوە کەمێك لە ئازاری دایکە جەرگ سووتاوەکان کەم بکەینەوە، بەلام نەمانزانی دووبارە جەرگی ئەم دایکانە بەهۆی ئەم وەزارەتەوە سووتاوە«. سەرچاوەکە دووپاتیکردەوە زۆرجار هەوڵماندا چنار سەعد لەم پۆستەدا لادەین، بەلام لە سەرووی حزبەکەوە بەهۆی وەفادارییەك بۆ باوکی رێگربوون، هەر چەندە نابێت وەفاداری بکرێتە پێوەری وەزیر.

دایکە شەهیدێك ئامادەنەبوو ناوی بهێنرێت، بۆ چرکە دەریخست سەرەتا زۆر ئومێدی بەم وەزارەتە هەبوو، لەبەرئەوەی کچە شەهیدێك کراوە بە وەزیر کە معاناتی شەهیدان دەزانێت، بەلام بەداخەوە ئەگەر کەسێکی بیانییان لە دەرەوەی وڵات هاوردە کردبایە، پێموایە زیاتر لە معاناتی ئێمە دەگەیشت و خزمەتی دەکردین، چونکە ئەم خاتوونە ئەم وەزارەتەی بۆ ئارایشگا بەکارهێناوە، کە تەنها خۆی پێ جوانکردووە.




سەرچاوەیەکی دیکەش لە هەمان وەزارەت کە چوار ساڵە کارمەندی ژمێریاری ئەم وەزارەتەیە، گوتی»لەماوەی چوار ساڵدا ئەوەندە وەسلی وەهمی بە فەرمانی وەزیر واژوومان لەسەر کردووە، ئەوەندە وەسلی ئەساسیمان واژوو نەکردووە، کە چەندین چار چنارمان لەم وەسلانە ئاگادار کردۆتەوە، بەلام گوێی پێنەدەداین، تا جارێکیش هەوڵمدا ئەم زانیارییانە لە راگەیاندنەکان بلاوبکەمەوە، بەلام لە نووسینگەی وەزیر هەرەشەی کوشتنیان لێکردم، بۆیە منیش لە ترسان وەزارەتم بەجێهێشت».


ئەمەیە راستەقینەی وەزارەتێك کە بەردەوام لە راگەیاندنەکان لاف و گەزی خزمەتی دایکە شەهیدمان بەسەر لێدەدات، بۆیە پێویستە ئەم هەلانە لەکابینەی شەشەم دووبارە نەکرێتەوە ئەگەر نا هەمان کارەساتی وەزارەتێکی ئەم شێوەیە دەبینینەوە.



# تاڵەبانی بۆ سەرەنجیعەرەبەکان زۆرجار سازشی لە پرسەکانی کورد کردووە



دوای هەڵبژاردنی ساڵی 2005ی پەرلەمانی عێراق، خەڵك ئومێدێکی تری بە سەرکردەکانی خۆیان هەبوو، کە بتوانێت دوای چەندین ساڵ ڕژێمی دکتاتۆری بەعس ژیانێکی سیاسی نوێ بهێنێتە ئاراوە، بەتایبەتی لە کوردستان چاوەڕێ بووین، کە دەتوانن چمان بۆ بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوە چوار ساڵ بەسەریان تێپەڕبوو، تەنها بیانووی کردەوەی تیرۆری و شۆڤینی بەعس لە ڕێگری کارەکانیان دەهێننەوە، تێناگەم نەرمی نواندنی کورد بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا فشارێکی دەرەکی وەکو ئەمریکایان لەسەرە، کە ناتوانن فشاربخەنە سەر بەغدا بۆ ئەوەی پرسەکانی کورد جێبەجێبکەن، یاخود ئەزموونی سیاسیان هەر ئەوەندەیە، یان نایانەوێت بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسیان یان لە ترسی لەق بوونی کورسیەکانیان نایانەوێت تەداخولی ئاگرەکەی کەرکوك بکەن، بەراستی جێگەی گومانە تاوەکو ئێستا سەرکردەیەکی کوردمان یاخود تاڵەبانیمان نەبینی، هەڵوێستێکی ڕەق بەرامبەر بەرپرسێکی عێراقیش بنوێنێت، بۆ هەموو دنیاش ڕوونبکاتەوە کە ئەوەی ڕێگری لە پرسەکانی کورد بکات، ئەوەیە چارەنووسی، یاخود ڕۆژێك ڕاوشکانە لە سەر تەلەفزیۆنێك هۆکاری شکستەکەی خۆی ڕوونبکاتەوە، کە



ئەوە چوار ساڵە نەیتوانیوە، تۆزقاڵە زەرەیەکیش لە پرسی کورد بباتە پێشەوە. بە درێژایی مێژووی کوردەوە، خەباتی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان بەهۆی کەرکوکەوە لەگەڵ رژێمەکانی عێراق رێکك نەکەوتووە، چەندین جار بەڵێنی مافی ئۆتۆنۆمییان پێدراوە، بەڵام کەرکوکی تێدانەبووە، کورد جارێکی تر خەباتی شاخی هەڵبژاردووە، بەڵگەی زیندووشمان زۆرە، بەڵام لێرەوە لە هەموو سەرکردەکانی کوردو چاودێرە سیاسیەکان و ئەوانەی خۆیان بە خەمۆکی پرسی کورد دادەنێن دەپرسم، ئایا ئەوەی بەر لە چەندین ساڵ راماندەکردو شۆڕشمان لە پێناوی هەڵدەگیرساند، لەگەڵ ئەو مافەی ئێستا کە بەکورد دراوە، چ جیاوازییەکی لەگەڵ ساڵانی رابردوو هەیە، ئەو کاتیش کەرکوکی تێدانەبوو، تەنها هەولێرو سلێمانی و دهۆك بووە، ئێستا پێموانییە گوندێکی بچووکیشیان لەم کەرکوکە بە ئێمە دابێت، ئەوەندەی بە شاخ وەرمانگرت، بڕوابکەن، زۆر لەوەزیاترە کە ئێستا بە سیاسەت دەمانەوێت وەریبگرین.

جەلال تاڵەبانی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی گەورەیە، خەباتێکی دوورودرێژی کردووە، بەپێی ووتەکانی لە هەموو کەسێك زیاتر پەرۆشی شاری کەرکوکە، بەڵام لە واقعدا وا نابینین، پۆستێکی گەورەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان داگیرکردووە، بەڵام بە پێی گەورەیی ئەو پۆستەیە کاری بۆ کورد نەکردووە، لەسەردەم بەعس عەریف حەمەتاڵێکمان لە سلێمانی هەبوو، بەقەد دەجاری تاڵەبانی لە پۆستەکەی خۆیدا کاری بۆ کورد کردبوو، کەچی ئێستا سەرۆك کۆماری عێراق کوردەو هەمان بەدبەختی جارانین، واتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کورد کێشەی پۆستی نیە، بەڵکو کێشەی لێهاتوویی هەیە.

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کە نەیویست ناوی ئاشرابکرێت بە چرکەی راگەیاند زۆرینەی ئەندامانی کوتلەی هاوپەیمانی لاوازن، لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرۆك کۆماری عێراق، کە بەراستی پۆستێکی گەورەی هەیە و ناشکرێت بارودۆخی کورد بەمشێوەیە بێت و گوتی»مام جەلال لە کاری خۆیدا بەبەڵگەوەش دەیسەلمێنم کە مەبەستی خزمەتکردنی کورد نەبووە، بەڵکو دەیەوێت لە رێگەی پۆستەکەوە سەرەنجی عەرەبەکان بۆ خۆی رابکێشێت، جا بە هەر شێوەیەك بێت، بۆیە چەندین جار بۆ ئەم مەبەستە سازشی لەسەر پرسە چارەنووسازەکانی کورد کردووە.

سەرچاوەکە روونیکردەوە پێویستە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر گشت کوتلەی هاوپەیمانی دابنرێت، کە بزانن هۆکاری شکستی کورد چییە، جگە لەو قسە دووبارانەی کە دەڵێن عەرەبی شۆڤینی و نازانم چی و راستە ئەو شتانە هەیە، بەڵام هۆکاری سەرەکیش نەبووە. ئەندامەکە ئاشکرایشیکرد دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق سکاڵا لەسەر چەندین پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی و تاڵەبانی بە هۆی خیانەتی نەتەوەیییەوە تۆماردەکەم.

پەندێکی کوردەواری هەیە، دەڵێت بۆ ڕیشی چوو سمیلیشی لەسەر دانا، کوردیش لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان هەمان سیناریۆی لەسەر دووبارە بۆتەوە، سەرەتا لیستی هاوپەیمانی پێداگری لەسەر لیستی داخراوو یەك بازنەیی دەکرد، بەڵام زۆرینەی کوتلە سیاسیەکانی تری پەرلەمان پێچەوانەی بۆچوونەکانی لیستی هاوپەیمانی بوون، بۆیە دوای مشتومڕێکی زۆر ئەو یاسایە لەپەرلەمان کێشەی تێکەوتوو، بەرەو ئەنجومەنێکی بەناو سیاسی ڕەوانەکرا، کە یەکەم جارە ئەو ئەنجومەنە دوای چەندساڵێك بیبیستینەوە، لایەنە سیاسیەکانی عێراق بۆ ئەوەی رێگری بخەنە بەر داوایەکانی کورد، هەڵسان بە تەگەرە خستنە بەر شاری کەرکوك، بۆ ئەوەی کورد ناچاربکەن واز لە لیستی داخراو ە یەك بازنەیی بهێنن، لەبەرخاتری کەرکوك، بۆیە سەداسەد ئەمەشیان چەسپاند، لە ئەنجومەنی سیاسی جگە لە چارەسەری کێشەی کەرکوك چاوەڕێی لیستی داخراوو یەك بازنەییمان دەکرد، کەچی هەر باس لە کەرکوك نەکراو، بەڵکو داواکەشیان لێسەندینەوە، هەی ئافەرین سەرۆك کۆماری عێراق بەو هەموو ئەزموونە سیاسییەتەوە کەسانێکی مەزهەبگەری لە خشتەت ببەن، بەداخەوە بۆ سەرکردەکانی کورد، کە بەمەبەستی ئارامی عێراق سازش لەسەر کەرکوك پرسەکانی کورد بکەیت، هیوادارین سەرکەوتووبیت،

# پارتی و یەکێتی دەبێت زوو فریای گۆڕینی سۆزانی خا



مرۆڤ بوونەوەرێکە زوو غرور دەبێت، بەردەوام لە گۆڕان دایە، بەپێی میزاجی کەسایەتییەکەی خۆی ئالوگۆر دەکات، ئەو کەسانەی بەردەوام دەگۆڕێن، زیاتر کەسی نەدیتکەیان پێدەڵێن، یاخود لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن نارەسەن، واتە لە هیچەوە هاتۆتە بوون.

پێموایە پۆستی پەرلەمانتاری لە هەموو جیهاندا، وەکو پیشەیەکی کاتییە، بۆ خزمەتی گەل دانراوە، بەڵام ئەوەی لە کوردستان تێبینی دەکرێت، هەندێك پەرلەمانتار خەڵك لە خزمەتی خۆیان دەبینن و غرور دەبن، بەداخەوە پەرلەمانتار لەکاتی کاریدا، دەبێت هەوڵبدات دەوروبەری خۆی رازیبکات، چونکە پیشەکەی خزمەتکاری خەڵکە، نەك پۆز لێبدات و خۆی دەوڵەمەند بکات، لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوودا پەرلەمانتار مووچەی مانگانەی نییەو کارمەندی رەسمی حکومەت نییە، تەنها وەکو

# ڵـە شـەهاب بکـەون





**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**

پاداشـتێك چەند مانـگ جارێك پارە وەردەگرێـت، دوای تەواوبوونی خولەکەشـی خانەشـین ناکرێت تا ببێتە ئـەرك بەسـەر حکومەتەوە، کەچی لە کوردسـتانێکی وێراندا ئەو هەموو ئیمتیازە بە پەرلەمانتار دراوە، کەچـی خەڵکیش بە کـەم دەزانن. سـۆزانی خاڵە شـەهاب نامەوێت قسە لەسـەر تۆ بکەم، لەبەرخاتری باوکـت، چونکە ڕێـك پێچەوانەی باوکـت دەرکەوتوویـت، بۆیە لێرەدا داوای لێبـوردن لە کەسـایەتییەکی وەکو باوکت دەکەم، کە هی وەکو تۆی بەرهەمهێنـاوەو خۆی بە میراتگەری ئەو دەزانێت، هەر چەند مەتح و سەنای خاڵەشەهاب بکەیت، هەر کەمە، بەڵام هەرچەند قسە لەسەر سۆزان بکەیت و لە خۆبایی بە ئاگای بهێنیتەوە، هەر کەمە، نازانم سـۆزان چۆن جارێکی تر بە پەرلەمانتـار هەڵبژێردرایەوەو کردویانە بە سـەرۆکی فراکسیۆنی کوردسـتانی، کە ئەو فراکسیۆنە بە دەیـان پەرلەمانتاری بـە ئەزموونی تێدایە، بەڵام بێ ئەزموونێکییان داناوە. سـۆزان لـە خولـی دووەم لەبەردەم ڕاگەیاندنـەکان ئەوەنـدەی ڕەخنەی بێمانای گرت، خەڵك بە ئافرەتێکی بە جەرگی دادەنا، بەڵام نەیاندەزانی تەنها بۆ سەرەنجراکێشانی خەڵکەو کەچی لە ژێرەوە هەر خەڵکیشی لە بیرنییە، کار بۆ بەرژەوەندی خۆی دەکات، سـۆزان خان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەندەی دژایەتی کوردی دەکرد، کە بە قەد تەمەنی ئەو خەباتی کردووە، بەڵام ڕۆژێك نەمانبینی سـەرنجێك لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم بدات، ئەمـەش بەڵگـەی زیندووکردنەوەی هزری ناوچـە گەرایەتـی دەدات، نامەوێت زۆر قسە لەسەر کەسایەتی سـۆزان بکەم، چونکە کەلتورەکەمان دەڵێت ئافرەت ناسـکەو وەکو شووشە وایە، گەر بشـکێت چاك نابێتەوە. سـۆزان لـە ڕاگەیاندنەکانـی حزبەکـەی خۆی زیاتـر نەمانبینیوە لە ڕاگەیاندنێکی تر هەر بۆخۆشـی لێدوانێکی کۆمیدیشی دابێت، ئەوەندە ئافرەتێکی شـۆڤێنی حزبەکەیە، پێی زۆڵمە لە ڕاگەیاندنێکی تر دەرکەوێت، ئەوەش بزانـە، کـە ڕاگەیاندنەکان لێدوانـت لێوەردەگـرن لەبەرئـەوە نییە، کە تۆ کەسـێکی بە توانایت، بەڵکـو پۆسـتێکت داگیرکـردووە،

هەرچەندە هیچ زانیاریشت لەسەر پەرلەمانەکەشت نییە، بەڵام وەکو ڕێزێك بۆ پۆستەکەت ڕۆژنامەنووسان پەیوەندیت پێوە دەکەن، پێموانییە هیچ ڕۆژنامەنووسێك ئەوەندە کەسایەتی نەزم بێت، کە لە تەلەفۆنێکدا ڕۆژێك لە ڕۆژان داوای خۆشەویستی لێکردبێت، تا ئەوەندە لە خۆبایی بیت، بەراستی جێگەی سەرسورمانە کە جەنابت لاف بەسەر خەڵکەوە لێدەدەیت، ئەگەر لەبەر جوانیتە، بڕواناکەم زۆر جوان بیت، ئەگەر لەبەر پۆستەکەتە بەدەیانی لە تۆ زۆر زیرەکترو زۆر لێهاتوو تر پۆستی زۆر لە هی تۆ باڵاتریان بە جێهێشتووە، ئەگەر لەبەرئەوەیە بەردەوام ئاژاوە دەخەیتە نێوان گۆڕان و یەکێتی پێموانییە ئەمەش پاڵەوانی بێت، ئێستاش نازانم جەنابت بەچی لە خۆبایی بوویت، دەمەوێت لەم نووسینەدا بە ئاگات بهێنمەوە، تا ئەوەی لە نەزانی بۆت هاتووە، کە دەڵێن ئاشی نەزانان خوای دەیگێڕێت، با ئەوەشت لە دەست نەچێت، بڕوابکە ئەم نووسینەم بۆ بەرژەوەندی تۆ نووسیوە، تا کەمێك بە خۆت دابچیتەوەو خەڵکت لە یادبێت، هیوادارم لێم تێبگەیت.

سەرچاوەیەك لە فراکسیۆنی کوردستانییەوە بە چرکەی ڕاگەیاند ئەم فراکسیۆنە کەسی زۆر بە توانا تری تێدایە، بەڵام لەبەرئەوەی لە خولی پێشوو زۆر جەنەبازی کردووە، بۆیە کردوویانە بە سەرۆکی فراکسیۆنەکە، ئەگەرنا لە رووی تواناوە، لە رووی هەڵسوارنی کارەکان، هیچ توانای نییە و گوتی»بە پێچەوانەوە سۆزانی خالە شەهاب لە کۆبوونەوەکانی فراکسیۆنیش بەردەوام کێشەی دروست دەکات، هیچ کۆبوونەوەیەك بە سەرپەرشتی ئەم ئافرەتەیە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەناچێت، چەندین جار داوامان کردووە، کەسێکی دیکە بکەن بە سەرۆکی فراکسیۆن ئەوە لاببەن، بەڵام تا فراکسیۆنەکە تێك نەچێت، هەردوو حزبەکە فریای سۆزان ناکەون، بۆیە پێویستە زوو فریای بکەون و بیگۆڕن».

بەراستی زۆر سەیرە لەو کاتەی سۆزان بووە بە پەرلەمانتار کە بەپێی عەقلی خۆی بەرگری و داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکات، بەڵام ڕێژەی کوشتنی ئافرەت سێ بەرامبەر بووە، بڕواناکەم لە قسە زیاتر هیچی تری بۆ ئافرەتان کردبێت، کەچی بەردەوامیش لە ڕاگەیاندنەکان لاف و گەز بەسەر داکۆکی مافی ئافرەتانەوە لێدەدات.



**هەندێک لەوانەکەخۆیان لەسەر چەپ ناونووس کردوە، قووتبوونەوەیان زیاتر لەزیادەمەسرەف دەچوو و دەچێت. زۆریان لەدایکبووی چەند جیاوازییەکی سەرتوێژین لەگەڵ ئەوانی تر. ڕەنگەکەمیی گرنگیدانی دەسەڵاتیش پێیان هۆیەک بێ. لەوەدەچێ لەئێستادا دەسەڵات هەر هێندەی پارەیەکی سپی گرنگیان پێ بدا بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژیڕەش هەڵیانبگرێ......**



**دیمانە: رزگارکۆچەر**

**لەگەل ئەوەی لە دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستان چەند هێز ولایەنێکی سیاسی لە بەرەیەک کۆبونەوە تا نوێنەرایەتی هێزە چەپرەوەکانی کوردستان بکەن بەلام ئەم هێزو لایەنانە لە دوا هەڵبژاردنەکانی کوردستان توشی شکستێکی گەورە هاتن , دەربارەی کی نوێنەرایەتی هێزە چەپرەوەکانی کوردستان دەکات وچەپ کێیە لە کوردستان و شکستی هێزە چەپ رەوەکانی کوردستان نوسەرو رۆناک بیر سەلام عارف وەڵامی چەند پرسیارێکمان دەداتەوە .**

* لەدوا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان شکستی هێزەبەناو چەپەکانی کوردستانمان بینی، هۆکاری شکستەکان بۆچی دەگەڕندرێتەوە؟

بەداخەوەتا ئەمرۆش کەسانێك هەن بڕوایان وایەکەحزب، بەرە، بزووتنەوە، هەیەچەپە! بە بیر و بۆچوونی من نەك لەکوردستان لەدنیاشدا چەپ بوونی نییە، وەك چۆن ڕاست بوونی نییە. من وا دەزانم هیچ زوڵمێکم لەوانەنەکردووەکە بڕوایان بە بوونی ئەم چەپ و ڕاستەأیە.دەبێ بڵێم ئەوانەقوتابی حوجرەیەکن، بەئەقڵی چاویان بیر دەکەنەوە، ڕاڤەدەکەن، شی دەکەنەوە. ئەگەر مانا کلاسیکەکەی چەپ یا ڕاست، بەپێی جێگەی دانیشتنیان لەپەرلەمانەکاندا، دیاری بکەین، ئەوەبەئەقڵی چاو ئەو دیاریکردنەمان کردووەو حوکمی خۆمان دەرکردووە. دەبێ چەپ و ڕاست بەپرۆگرام و پراکتیك دیاری بکرێن. ئەو چەپ وڕاستانەلەهەموو دنیادا خاوەنی یەك پرۆگرام و یەك جۆر مومارەسەن، ئەوان هەموویان، چەپ، ڕاست، ناوەراست، ئەمانەی خوارەوەکاکڵەی پرۆگرامەکانیانە هەموویان دەسەڵاتخواز و ئازادیکوژن!

هەموویان سەر بە ڕێبازی دیموکراتیەتی بازاڕی ئازادی مرۆڤکوژن!

هەموویان قوتابخانەی کارکردنی

لەسەرەوەبۆ خوارەوەن!

هەموویان مشەخۆرن!

ئەمرۆ لەدنیای دیموکراتیەتی بازاری ئازاد و لیبریالیزمدا بەم جۆرەیە: چەپ دەسەڵاتی بەدەستەوەیەبۆ جێبەجێکردنی ئەوەی ڕاست دەیڵێت و داوای دەکات! لەهەندێ جێگەی تر بەپێچەوانەوەیە. ئەم ڕاستییەلەئەوروپا و ئەمەریکا بەباشی دەبینرێ. لە فەرەنسەجگەلەوەی سەرکردەسۆسیالیستەکان حکومەتی ڕاست بەڕێوەدەبەن، ئەوی چەپیش دەیڵێت ڕاست سەرقاڵی جێبەجێکردنیەتی. ئەم واقعی حاڵەبۆ ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا و ئەمەریکاش هەر وایە.

سەبارەت بەشی دووەمی پرسیارەکە، بە بڕوای من بەو لۆجیکەی سەرەوەلەپرۆسەی تەعینکردنەکەی کوردستاندا هیچ لا و لایەنێك نەدۆڕاندویەتی، نەشکستی هێناوە. لەو پرۆسەی تەعینات و جێگەگۆڕینەدا، پرۆگرامێکی سیاسی، بەزەبری پارە، بردویەتیەوە.ئەو پرۆگرامەش، پرۆگرامی دەسەڵاتچەسپاندن و کپکردنی بیری نوێی ئازادخوازی دژەدەسەڵاتە، پرۆگرامی ڕەشەکوژیی ژنان، پرۆگرامی فیدرالیەت و فلیقانەوەی کەرکووك و کەرکووکییەکانی خوارەوەیە. هێزەسیاسییەکان بەجەم براوەن، دەتوانن دەست بەسمێڵیاندا بەێنن و بڵێن: «جەماوەر دۆراوە و خۆمان براوەین!»

* لەکوردستان تەنانەت هێزەناسیۆنالیستەکانیش دەیانەوێت بەرگی چەپ بوون لەبەر خۆ بکەن. من دەپرسم کامەهێز لەکوردستان نوێنەرایەتیی چەپخوازانی کوردستان دەکات؟

کاری بەرگپۆشین تازەنییەو تەنها کوردستانیش نییە. ئەمەلەمێژووی ئەوروپادا، بەتایبەتی لەئەڵمانیا و ئیتالیا، بەئاشکرا دهبینرێ. لەئەڵمانیا کاتێك ناسیۆنالیستەکان، وڵاتپەرستەکان، بەرگی سۆسیالیستیان پۆشی، خۆیان وەك سۆسیالیستی وڵاتپەرست ناساند. هیتلر توانی ئەو نامەیەوەربگرێت کەنۆسکەبەمیرات لەبیسمارکەوەبۆی مابووەوە. لە ئیتالیاش بەهەمان شێوەمۆسۆلۆنی توانی نامەکەی گاریباڵدی وەربگرێت و بۆ ئەم کابرا فاشیەی ئێستا؛ بێرلوسکۆنی، بەجێی بێڵێ. ئەوەندەی من لێی دەزانم ئەوەیەکەسۆسیالیستی ناسیۆنالیست، یا وڵاتپەرست، ڕەچەڵەکی فاشیزمە. هێزەسیاسییەکان شەرم لەوەناکەن ئەم بەرگ لەبەر بکەن و ئەو بەرگ داکەنن، ئەوەی لایان ستمەو مایەی شەرمەزارییانەئەوەیەکەخاوەن دەسەڵات نەبن.

سەبارەت بەوەش کام هێز نوێنەرایەتیی چەپخوازانی کوردستان دەکات!

ئەوانەی بە ڕێزتان ناوتان ناون چەپ، یا خۆیان خۆیان وا ناو ناوە. ئەوی ڕاستی بێ من ئەو مەتەڵەم بۆ هەڵناهێنرێ، بەڵام ئەوەندەدەزانم لەم جەنگەڵانەدا تاقیکردنەوەکان سەلماندویانەئەوەیان دەبێتەنوێنەر کەخاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەند بێ لەوونەری هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردنی جەماوەر، بێجگەلەوەی کەبێگومان قاسەکەی دەبێت لێی بڕژێ.

* بەرامبەر شکستەکانیان زۆرجار هێزەچەپڕەوەکانی کوردستان قسەلەسەر هۆکارەجیەانییەکان دەکەن، پێت وایەلەپاڵ ئەم هۆکارانەچەندین هۆکاری تری ناوخۆ نییەکە بوونەتەڕێگر لەبەردەم فراوانبوونی بەرەی چەپ لە کوردستان؟

وەکو باسم کرد هیچ کەسێك، هیچ لایەنێك، نەدۆراوەنەبراوەیە. ئەگەر باسەکەلەبردنەوەو دۆراندن یا شکستەێنان و سەرکەوتن بێ، هەمووهێزەسیاسییەکانی کوردستان و پرۆگرامەدەسەڵاتخوازەکە براوەیە و خەڵکیش دۆڕاوە. هەموو جارێك، لەهەموو شوێنێك، وایە کاتێك حزبەکان دەیبەنەوەجەماوەر دۆراوە. ئەگەر بزووتنەوەی جەماوەری لەهەڵکشاندا بێ، حزبەکان مایەپووچن و دەسەڵات لەمەترسیدایە.دەربارەی هۆکارەجیەانییەکان دەشێ وا بێ، چونکەئەمڕۆ زیاتر لەدوێنێ ڕووداو و دیاردەکان لەدنیادا بەجۆرێك بەیەکتردا چوون ناکرێ کەدیاردەك هەبێت تاقانەو گۆشەگیر بێ و کاریگەریی دیاردەکانی تری لەسەر نەبێ، یا ئەم لەسەر ئەوانی نەبێ. ئەو قسەیەش کاریگەریی هۆکاری جیەانی لەفرمێسکی ستالینی-برجنیڤی دەچێ بۆ قاهر و جەبارەکەی جاری جاران. بەلای منەوەهەندێك لەوانەکەخۆیان لەسەر چەپ ناونووس کردوە، قووتبوونەوەیان زیاتر لەزیادەمەسرەف دەچوو و

دەچێت. زۆریان لەدایکبووی چەند جیاوازییەکی سەرتویژین لەگەڵ ئەوانی تر. ڕەنگەکەمیی گرنگیدانی دەسەڵاتیش پێیان هۆیەك بێ. لەوەدەچێ لەئێستادا دەسەڵات هەر هێندەی پارەیەکی سپی گرنگیان پێ بدا بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵیانبگرێ. لەوڵاتەئەوروپاییەکان دەسەڵات لەگەڵ ئەوەدا نییەبەرەی سۆسیالیستیی باو لاواز بێ. هەمووتوانایەك دەخەنەگەڕ بۆ خرتکردنیان. ئەمەش پەیوەندی بەئاستی هۆشمەندیی سیاسی ئەو بیرۆکراتانەوەهەیەکەدەسەڵات دەگێڕن. لای ئەوان وایەئەگەر سۆسیالیستەباوەکان نەبن و بەهێز نەبن دیموکراتیەت لەسەر یەك قاچ دەڕوا. ئەوانەهەموو هۆکارن. ئەگەر بتوانین لەخانەی هۆکارەکانی ناوەوەدایانبنێین، هۆکارێکی تریش هەیەکەکاریگەریی خۆی هەیە و دەکەوێتەخانەی هۆکارەناوخۆییەکانەوە. ئەویش ئەوەیەکەبەشێکی زۆری جەماوەر نەك هەر چەپڕەوی لەوان نەدیوە، ئەو کاتانەشیان لە بیر ناچێتەوەکە پشتیان تێکراوە. هەموو ئەو حزب و ڕێکخراوانەکارکردن تێیاندا زیاتر لەسەربازی دەچێت وەك لەخەباتگێڕی. بەواتایەکی تر، ئەوانەی گوایەچەپن، وەك لەپرۆگرامدا خاوەنی پرۆگرامی ئامادەکراوی لەسەرەوەبۆ خوارەوەن، پابەندی ڕێکخستنی پلەیی و هەرەمی سەربازیشن، ئەمەلەکاتێکدا کەتا دێ گەنجی ئازادیخواز ڕوو لەزیادبوون دەکەن و گەنجان حەزیاری سەربازیکردن نین. دەشێ هۆکاری تریش هەبن.

* تێکەڵبوونی هێزەچەپڕەوەکانی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتداران و سازشکردنیان لەسەر مافی هاووڵاتیان تا چەند بۆتەڕێگر بۆ ئەوەی چەپ پێگەی لاواز بێت؟

تا چەند نازانم، بەڵام لامە ڕوونەسازشکردن لای جەماوەر قێزەونە، تەنانەت لەپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەئاساییەکانیشدا. جەماوەر بەجاشێتی دەزانێ. بمانەوێ یا نا، بەشێکی زۆر لەجەماوەر لەبەشمەینەتی و تاقیکردنەوەکانی خۆیانەوەچارەی دەسەڵاتیان ناوێ. جا سەیر نییەئەگەر بۆ ئەو هۆ گرنگەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی ڕۆژانەیانەوەهەپەیە، ئاوڕ لەوانەنەدەنەوەکەگوایەچەپن.

* ئیسلامییەکان پاش ئەوەی دوو هێزی چەپیان لە کوردستان لە بەرەیەك ڕێك خست، تا چەند ئەو بەرەیەوای نیشان دا کەچەپ لەکوردستان بەرامبەر ئامادەیەبەرژەوەندییەکان هەمیشەقوربانی بە ئایدلۆژیاکەی بدات؟

نەئەمانیان نەئەوانیان قوربانیان بەهیچ نەداوە.کارێکی لەو چەشنەلەوانەیە، لەگەڵ یەکەم بیستن و یەکەم بینیندا، پیاو ناچار بکات بکەوێتەنەفرەتکردن، کەبە ڕای من ئەم نەفرەتکردنەش پێویست ناکات؛ چونکەبوونی ئەوانەو ئەوانی تریش لەژێر یەك چەتردا سەیر نییە، نەبوونیان لەژێر یەك چەتردا سەیرترە! ئەوانەخاوەنی یەك فکری سیاسی و ئایدیۆلۆژیان، پرۆگرامەکانیان دەستەبران، پرۆگرامی دەسەڵاتخوازی و ئازادیکوشتنە،پرۆگرامی لێبووردن و نەرمونیانییەلەگەڵ دەسەڵات، هەربۆیەهیچ قوربانییەك لەکایەدا نییە. ئەوان سەر بەو حوجرەیەن کەفەتوای ئەوەی تێدا دراوە، هەموو ئامرازەکان حەڵاڵن بۆ گەیشتن بەئامانج. ئەمەبەشێکی گەورەی ئایدیۆلۆژیاکەیان پێك دەهێنێت. سەبارەت بە فەلسەفەکەشیان، مەگەر پیاو پێ بەجگەری خۆیدا بنێ و بڵێ لەڕووی فەلسەفیشەوەتۆزقاڵێك جیاوازییان هەیە، ئەوان بڕوایان بەبەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، واتەلەسەر ئەوەش یەکیان گرتووەخەڵکی هەڵخەڵەتێنن و بەلاڕێدا بیانبەن، تا هێندەی تر قوڕ بکەن بەسەریاندا و هێندەی تر ماڵکاولیان بکەن. ئیتر دەبێ ئەو کارەیان چ قوربانییەکی تێدا بێ! ئەگەر تێشیدا بێ، سەرگەرمی و نەشئەی جەماوەر هەڵخەڵەتاندن پەردەپۆشی کردووە.

# یەکێتـــی لەداهاتوداوڕەفتـاری لەگەڵ گۆڕان داچـۆن ببێـت باشـە؟

**ڕاپۆرتی شیکاری تایبەت**



لە دوای هەڵبژاردنەکەی 25/7/2009 وبەدەست هێنانی 25 کورسی لەلایەن لیستی گۆڕانەوە، پێویستەیەکێتی هەڵوەستەیەك لەسەرئەومەسەلەچارەنوس سازەبکات وزۆربەلێزانین وحەکیمانەهەڵسەنگاندن بکات بۆئەو ڕەوشەو بەرەنجامەکانی ،ئایاپێویستە یەکێتی بەوشێوازەی کەجەماعەتی گردەکەیان لیستی گۆڕان بەکاری دەهێنن هەڵسوکەوت بکات یان بەپێچەوانەوە سەرەتا ئەبێت بزانین لیستی گۆڕان چۆن ڕەفتاردەکەن ؟ئەڵبەتە بەگوێرەی ئەوسیستەمەی کەلەماوەی 18 ساڵی ڕابردودا لەئیدارەو حیزبداپەیڕەو کراوە سەبارەت بەخزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆهاوڵاتیان کەموکوڕی هەبوە و کەس ناتوانێت نکولی لەنەبونی کەموکوڕی بکات ،لیستی گۆڕان هاتون ئەم کەموکوڕیەیان قۆستوەتەوەو کردویانە بەکارتی دەستیان وبەردەوام جەماوەری لێ ئاگاداردەکەن کەفلان کەموکوڕی یان نەبونی خزمەگوزاری

هەیەوحکومەتی لێ بەبەرپرسیاردەزانن نە هەردوحیزبەدەسەڵاتدارەکەی کوردستان ونەحکومەتیش نەیان ووتوە کەم و کوڕی نیە بەڵکو دەڵێن هەیە با بەهەمووڵایەك هەوڵی چارەسەری بکەین و خۆشگوزەرانی بۆهاووڵاتیان دابین بکەین،لەگەڵ ئەمەشداسەرەڕای ئەمە ئێستالیستی گۆڕان خاوەن کەنالێکی ئاسمانی وڕادیۆوسایتی ئەلکیترۆنی و ڕۆژنامە....وەچەندین گۆڤارو رۆژنامەش هەن ناوی ئەهلی بونیان لەخۆیان ناوەبە ڵام سەربەئەوانن،ئەمە دەبێتە دووکارت کەبەدەست ئەولیستەوەن ،کارتێکیان گلەیی هاوڵاتیانەو کارتەکەی تریش ڕاگەیاندنە،وەبەم دووشێوەیە گلەیی هاوڵاتیان لەکەمی خزمەتگوزاری لەکەناڵەکانی خۆیانداباس دەکەن بە ڵام چۆن باسکردنێك (مێشێك ئەکەن بەگامێشێك)عامودێك ئوت ومبیل لێی بداتولاری بکاتەوە تاوانەکەی ئەخەنەپاڵ ئەستۆی حکومەت ،لەم پێودانگەوە ئەگەینە ئەو بەرەنجامەی پێویستە یەکێتی ڕووبە ڕووی ئەم هێزەی گۆڕان بێتەوە ئەویش بەچ شێوازێك ئایابەچەك ؟یان چۆڵکردنی بارەگاکانیان؟ نەخێرئەمانەمۆدیلیان بەسەرچوە،بەڵکوکاری یەکێتی ئەوەیە دەمکوتی ئەوانەبکات کەدەڵێن هیچ نەکراوەیان ڕونتربڵێین ئەوکەموکوڕیانەی هەبوەلەئەدای کاری ئیداری یان حیزبی وەچونەوەی یەکێتی بەخۆیداجارێکی تربەفۆرمێکی جیاوازونوی ،وەپێویستە زۆرحەکیمانەمامەڵەبکات بۆئێستاوداهاتوو ،وەلەکابینەی نوێی شەشەمی حکومەتی هەرێمیشداکەبەسەرۆکایەتی (بەرهەم احمد و ئازادبەرواری جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم) دائەوکاروپرۆژانەی کەتەواو نەکراون بەپەلەجێبەجێبکرێن چی پێویستە بۆئەو ناوچانەی کەتائێستا کاریان وەك پێویست بۆنەکراوە بۆیان بکەن و بیخەنەبەرنامەی کاریانەوە،بەپێی کات گلەییەکانی هاوڵاتیان بەرەوکەمبونەوەبەرن ،یەکێتی ناو یەکێتی پتەوبکات ئەوکات بەباشترین وەڵامی سەردەمیانەو ەڵامی نەیارەکانی خۆی دەداتەوەوئەوانیش لەئەنجامدا دەسەوسان دادەمێنن،ئەوانەشی کەبانگەشەی گۆڕان دەکەن کەئەیانەوی یەکێتی بەرەوگۆران بەرن وخۆیان واتەنی لەلێواری گەندەڵی و ...و...وهەستێننەوە بەرەو ئاقارێکی باشی بەرن، ئایا یەکێتی نەیتوانیوە گۆڕان بکات لەناوئۆرگانەکانی حیزب وحکومەتدا؟والیستێك بەو ناوەوە بانگەشە دەکات بۆگۆڕان ،وە ڵامەکەی ڕون وئاشکرایەکە ئەزمونی حوکمڕانی کوردی دەریخستوەکە هەم یەکێتیش وپارتیش ویستویانە گۆڕان لەحیزب وحکومەتیشابکەن وکردویانە وئەیشیکەن ،لیستی گۆڕان کاتێك لەهەڵبژاردنەناوخۆییەکانی ساڵی 2006داشکستی هێنا یەکێتی پێش ئەوبەروارەودوای ئەوەش گوێبیستی سەرجەم داواوخواستەکانی ئەولیستەبوە بە ڵام ئەوان دڵنیابون کەیەکێتی حەزبەگۆڕان دەکات عەرەب واتەنی ئەوان حەزیان لەخۆدەرخستنەبۆیەوتیان بائێمەش بڵێن ئێمەش هەین ،ڕەوشی ئێستای یەکێتی زۆرئاساییە یەو یەکێتی ئەتوانێت گوڕان بکات وەئەوکەسانەی کەبانگەشەیان بوگەندەڵی دەکردئێستا لەدەرەوەی یەکێتین ،من پێم وایە بۆلەمەولابالانسی یەکێتی بەرەو هەڵکشان دەڕوات هەم لەڕوی ئیدارەوحکومەتەوە وهەم لەڕوی حیزبەوە،پرسیارێکی ترئەوەیە ئایائەو(25)کورسیەی لیستی گۆڕان هێنای بۆپەرلەمانی کوردستان، بۆپەرلەمانی عێراق وئەنجومەنی پارێزگاکانیش زیاتردەهێنێتەوە یان کەمترلەوڕێژەیەدەهێنن ،چونکەبەپێی ئەوبەڵێنانەی ئەولیستەدابویان بەجەماوەرەکەی خۆیان وردەوردەخەریکەبەرەو کاڵبونەوە دەچێت خەڵکێکی زۆریش پەیتاپەیتا واز لەو لیستەدەهێنن و دێنەوە بۆناویەکێتی ،چاودێرانی سیاسی پێیان وایەلیستی گۆڕان سەرەتالە زۆربەی شوێنەکان بەدەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە کۆمەڵێك دەنگی نارەزا لەدەرەوەی خڕبوبونەوەبە ڵام ئێستاولەداهاتوشیش ناتوانێت وەك پێویست دەنگ نەلەکوردستان وەنەلەوشوێنەجێناکۆکانە بهێنێت وەك کەرکوك وخانەقین و........ چونکە هاوڵاتیانی کوردستانیش و ئەوناوچانەیش خەریکە زۆربەباشی لێیان تێدەگەن بۆیەدەنگی خۆیان نافەوتێنن .





دیمانە: چرکە

# یەکێتی بەم سیاسەتەوە ناتوانێت هیچ گۆڕانێک دروست بکات

**کاردۆ مەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان لە دیمانەیەکی لەگەڵ چرکەدا تیشکدەخاتە سەر ئەدای پەرلەمانی کوردستان و پەیوەندی گۆڕان و پارتی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و چەندین تەوەرەی تر.**

چرکه: پێتوایە ئەو پەرلەمانەی خولی سێیەم ببێتە جێگەی ئومێدو متمانەی خەڵك؟

کاردۆ مەحمەد: ئەم پەرلەمانە بەرهەمی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری کوردستان بووەو خەڵکیش دەنگی پێداوە، خەڵکیش بەو ئومێدەوە دەنگی بەو پەرلەمانە دایە، کە ئۆپۆزسیۆن هاتۆتە مەیدانەکەوە.

چرکە: بەلام ئێستاکە خەڵك بەشێوازێکی تر سەیری پەرلەمان دەکات، کە لەم دانیشتنانەی ئێستا دەبینرێت، خەریکە خەڵك ئومێدی بە ئۆپۆزسیۆنیش نامینێت؟

کاردۆ مەحمەد: پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی هەیە، کارکردن بەم پەیڕەوە ناوخۆییەش لە ژێر رێکخستنی سەرۆکایەتی پەرلەمان دایە، واتە کارکردنی ئەدای پەرلەمان لە دەست سەرۆکایەتی پەرلەماندایە، ئەمەش کارێکی قورسە تا سەرەتای بەرنامەکان بە پێی سیستەمێك رێکدەخرێت، راستە ئێستا خەڵك ئەو ئومێدەی بەرپەرلەمانی هەبوو، ئێستا ساردبۆتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەو پێکهاتە نوێیە هەیە، ئەمەش تا لیژنەکان دادەنرێت و دەکەوینە سەرکار کاتی دەوێت، هەرچەندە ئێستا کەمێك جیاوازی لەگەڵ دانیشتنەکانی پێشوو هەبوو.

چرکە: ئایا چ تەگەرەیەك لەبەردەم دانانی سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمانی هەیە؟

کاردۆ مەحمەد: بەپێی یاسای پەرلەمان دەبێت سەرۆکایەتی لیژنەکان بە هەڵبژاردن بووایە، بەلام بەپێی هەڵبژاردنیش لیستی گۆڕان و لیستی چاکسازی هیچ سەرۆکایەتی لیژنەیەکیان وەرنەدەگرت، ئەمەش زیاتر هەوڵدەدرێت، بە تەوافوق و پسپۆری کەسایەتییەکە لە سەرۆکایەتی لیژنەکە دابنرێت.

چرکە: ئێوە وەکو لیستی گۆڕان داوای سەرۆکایەتی چ لیژنەیەکتان کردووە؟

کاردۆ مەحمەد: ئێمە وەکو لیستی گۆڕان ئەو بەرنامەیەی هەمانە، داوای لیژنەی نەزاهەمان کردووە، بەلام ئێستاش وەلامی کۆتاییمان وەرنەگرتووە.

چرکە: یەکێتی پلینیۆم بەبێ ئامادەبوونی ئەو کادیرانەی کە چووەتە ناو گۆڕان دەبەستێت، ئەوە لای ئێوە چی دەگەیەنێت؟

کاردۆ مەحمەد: گۆڕان یەکێتی بەجێهێشتووەو داویەتە دەست خۆیان، چونکە گۆڕان ئەو هێزەی کە بەجێهێشتووە بۆ کادیرانی گۆڕان دەرکەوت، کە یەکێتی بەم سیاسەتەوە ناتوانێت هیچ گۆڕانێك دروست بکات، بۆیە بەجێهێشتووە.

چرکە: زۆر لە کادیرانی گۆڕان هەر خۆیان بە یەکێتی دەزانن، چاوەڕێی گۆڕانکارین لە ناویەکێتیداو دووبارە ببنەهێزێکی‌یەکێتی، ئایا پێتوایەیەکێتی دوای پلینیۆم گۆڕنکاری تێدابکرێت؟

کاردۆ مەحمەد: پێموانییە گۆڕانکاری بە هیچ شێوەیەك لە ناو یەکێتیدا ڕوودات، گۆڕانکاری و یەکێتی زۆر لێك دوورن، بزوتنەوەی گۆڕڕان وەکو هێزێکی سیاسی جگە لە یەکێتی پەرە بە کارەکانی خۆی دەدات، هیچ چاویشمان لە یەکێتی نییە، چونکە بەو عەقلیەتەو بەو

**لەبەرئەوەی نەوشێروانیش وەکو رابەرایەتیکردنی ئەو بزوتنەوەیە لە سلێمانییە، کاریگەری هەیە، کە قورساییەکە کەوتۆتە سلێمانی**

سەرکردایەتییە بۆخۆیان بێت.

چرکە: ئەگەردوای پلینیۆم گۆڕانکاری لە ناو یەکێتیدا لە رووی کەسایەتی و سیستەم و پەیڕەوی ناوخۆی کرا، پێتوایە دووبارە ببێتە هێزەکەی جاران؟

کاردۆ مەحمەد: ئێستا لە کوردستان و عێراقیشدا، هاوکێشەو پێکهاتە سیاسییەکان گۆڕان، دوای هەر هەڵبژاردنێگ گۆڕانکاری دەکەوێتە ناو سیستەمی سیاسی، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش لە سەرتاسەری عێراق پێگەی کێشەیەکمان نییە، بەڵکو لەناو هەموو شوێنێك راوبۆچوون و دیدی جیاواز هەیە، ئەمەش بۆ بەرەوپێشبردنی رەوتەکەمانە، نەك کێشەو قەیران، چونکە ئەگەر گفتوگۆو دیدی جیاواز نەبێت، واتە رەوتێکی مردووە، ئەگەر گۆڕان ناسنامەی شەفافیەت و بڕیاری لەسەر بنچینەی بۆچونی خوارووش بوو، ئەوا سەردەکەوێت، چونکە زۆربەی حزبەکانی تر لە ناوەندی بڕیار لە دەست کادیرانی خواروو نییە، بەڵکو سەروو سۆنگەی بڕیاردانە.

بین، بەلام پەرلەمانتارەکانی بۆخۆی ئازادە، کە بە چ شێوەیەك ئەو بەرنامەیە جێبەجێدەکات.

چرکە: واتە بۆ کۆتایی بڕیارەکان پرس بە سەروو ناکەن؟

کاردۆ مەحمەد: ئێمە وەکو فراکسیۆن بڕیاردەدەین و راوێژیش بە سەروو دەکرێت، بەڵام لەناو پەرلەمان ئازادین.

چرکە: باس لەوەدەکرێت، کە نەوشیروان مستەفا هەوڵی بە هەرێمایەتیکردنی سلێمانی دەدات، ئایا راستە ئێوە ئەو بەرنامەیەتان هەیە؟

**هەر پرۆژەیەکی باش دەسەڵات بیکات و ئۆپۆزسیۆنیش رەتی بکاتەوە، جارێکی تر خەڵکیش دەنگ بە ئێمە نادات.**

سیاسیی حزبەکان ئالوگۆر دەبن، ئەم گۆڕاناکارییەش قەد وەکو دۆخەکەی جارانی ناگەڕێتەوە، بۆیە یەکێتیش کە دوای ئەم هەڵبژاردنە گۆڕنکاری بەسەردا هاتووە، ئاستەمە وەکو خۆی بگەڕێتەوە.

چرکە: دەنگۆی ئەوە هەیە، کە بزوتنەوەی گۆڕانیش وەکو یەکێتی کێشەی تێکەوتووە، ئایا ئەو کێشانە لە سەرووی گۆڕانەوەیە، بۆچی کێشەتان هەیە؟

کاردۆ مەحمەد: ئەوەی پێیوایە کێشە بە بیروڕای جیاواز و ئالوگۆڕکردنی هزری یەکتری بە کێشە تێدەگات، با هەر بەمشێوەیە تێبگات، ئێمە هیچ

چرکە: پێشتر زۆرجار گلەیی لە یەکێتی و پارتی دەکرا، کە لەناو پەرلەمان پەرلەمانتارەکانیان نەیاندەوتوانی بڕیاری کۆتایی بدەن، بەڵکو بڕیاری کۆتایی لە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەوە بووە، ئایا لیستی گۆڕانیش بەمشێوەیە؟

کاردۆ مەحمەد: پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان بەشێکە لە بزوتنەوەی گۆڕان، بەلام ئێمە هەڵگری کۆمەڵێك پەیرەو بەرنامەین، کە خەڵك لەسەر بنچینەی ئەم بەرنامانە دەنگی بە ئێمە داوە، بۆیە هەموومان دەبێت هەڵگری جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە

کاردۆ مەحمەد: ئەم دەنگۆیانە پەیوەندی بە دابەشبوونی جوگرافی بزوتنەوەی گۆڕانەوە هەیە، سلێمانیش تایبەتمەندی خۆی لە رووی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری هەیە، لەبەرئەوەی نەوشیروانیش وەکو رابەرایەتیکردنی ئەو بزوتنەوەیە لە سلێمانییە، کاریگەری هەیە، کە قورساییەکە کەوتۆتە سلێمانی، بەلام پرۆژەکە بۆ هەموو کوردستانە.

چرکە: راگەیاندنەکانی گۆڕانیش زیاتر کار لەسەر سلێمانی دەکات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە گۆڕان گرنگی بە سلێمانی دەدات و

هەولێرو دهۆكی فەرامۆشــكردووە؟
كاردۆ مەحمەد: لەبەرئەوەی قورسایی بزوتنەوەكە كەوتۆتە ســلێمانی بۆیە كار زیاتر لەسەر ســلێمانی دەكات، پێموایە باس لــە هەولێریش دەكات، بە لاَم كێشەو كەموكورِیەكە زیاتر لە سلێمانییە، نەوەك لە شارێكی تر بێت.
چركە: بۆچی تەوژمی گەندەڵی لەلایەن گۆرِانەوە زیاتر لەسەر یەكێتییە، نەك لەسەر پارتی، ئایا پەیوەندییەكی بەهێز لــە نێوان پارتــی و گۆرِاندا هەیە؟
كاردۆ مەحمەد: پێموانییە پەیوەندی لەنێوان پارتــی و گۆرِانداهەبێت، بە لاَم كێبركێــو ململانێیەكــە لەگەڵ پارتــی نەبووە، بۆیە زیاتر شــوێنی ململانێیەكە لەگەڵ یەكێتییە، یەكتر قەبوڵنەكردنەكە كەمترلەگەڵ پارتییە.
چركــە: بــە لاَم ئامــاژەت بەوەدا كە بزوتنــەوەی گۆرِان لــە تێكرای هەرێمدایــە، ئایــا لەنــاو پارتی و ســنووری بادینان گەندەڵی نییە، تا بووروژێنــن، یان خۆتــان ناتانەوێت كار لەناوچــەی بادینــان بكــەن؟
كاردۆ مەحمــەد: پەرلەمان دەتوانێت لــە هەر شــوێنێك گەندەڵی هەبێت، بەدواداچوونــی بــۆ بــكات، بەلاَم راگەیاندنــی ئێمە ئــازادە بۆخۆی قورســایی دەخاتە سەر شــوێنێك.
چركە: بۆچی پەیوەندی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاَت ئەوەندە لە ئاستێكی خراپدایە، پێتوانییە ئەم مامەڵەیە ئاكامی خراپی بۆسەر بەرژەوەندی نەتەوەییمان هەبێت؟
كاردۆ مەحمــەد: ئێمــە لە ولاَتێك دەژین هێشتا یاسا جێگیرنەبووە، كە كارەكان بەپێی یاســا هەڵســورێنین، ئۆپۆزســیۆنیش ئەزموونێكی نوێیە، هێشــتا ماویەتی تا یەكتــر قەبول بكەین، بەڵكو دەسەلا ت بە چاوێكی دوژمنكارانــە ســەیرمان دەكات.
چركە: واتە ئێوەش ناتانەوێت دەسەلاَت بەمشێوەیە مامەڵەتان لەگەڵدا بكات؟
كاردۆ مەحمــەد: ئێمــە نامانەوێت پەیوەندییەكان عەشوائی بێت، بەڵكو دەمانەوێــت پەیوەندییەكە بە یاســا رێكبخرێــت و یاســایەك هەبێــت.
چركە: گۆران لە پەرلەماندا كەمینەیە، پێتوایە قورسایە بخەنە سەر دەسە لاَت؟
كاردۆ مەحمەد: مەســەلە كەمینەو زۆرۆینە نییە، مەسەلەكە بەرگریكردنە لە مافی خەڵك، پێموانییەش دەسەلاَت دوژمنــی خەڵك بێت و یاســا دژی خەڵــك دەربكات، تا ئێمــە نەتوانین قورســاییان بخەینــە ســەری، هەر پرۆژەیەكی باش دەســەلاَت بیكات و ئۆپۆزسیۆنیش رەتی بكاتەوە، جارێكی تــر خەڵكیش دەنگ بە ئێمە نادات.
چركــە: بۆچــی دەنگتــان بــە كابینەكــەی د.بەرهــەم نــەدا؟
كاردۆ مەحمەد: ئێمە ئۆپۆزسیۆنین، بۆیە هەر لە ســەرەتای ئەم كابینەیە كە سەرۆك و جێگیرەكەی هەر یەكی لــە حزبێــك ئەمــەش درێژەدانە بە سیســتەمی دوو ئیدارەیی، بۆیە ئێمە دەنگی پێنادەین، روانینی حزبایەتی بكرێتە پێوەر بۆ دابەشكردنی دەسەلاَت واتە هاولاَتی ســوود مەنــد نابێت.
چركــە: بۆچی بە لیســتی جیاواز بەشداری لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی عێراق دەكەن، لە كاتێكدا هەموو كورد دژی فرە لیستییە، پێتوایە بەرژەوەندی بزوتنــەوەی گــۆرِان لەوەدایــە؟
كاردۆ مەحمــەد: ئێمــە دەمانەوێت بزوتنەوەی گۆرِان لە ئاستی عێراقیش پێگەیەكــی دیاریكــراوی هەبێــت، بەلاَم لە پرســە چارەنووســازەكان لەگەڵ كورداین، چونكە دەمانەوێت گۆرِانكاری لە سەرانســەری عێراقدا بكەین، ئێمە هێشتا قەبارەمان دیارنییە، تا لەگەڵ لایەنێك رێكبكەوین، دواتر بەرنامەكەی ئێمە جیاوازە تا لەگەڵ بەرنامــەی حزبێكی تــر یەكبگرین.
چركــە: پێتوانییــە فرە لیســتی پێگەی كورد لە بەغدا لاوازدەكات؟
كاردۆ مەحمەد: نەخێر پێگەی كورد لاوازنابێت، چونكە بەشداریمان لە بەغدا پێگەی كورد دیاریدەكات، پێگەی كورد بە سازشی پرســەكانمان لاوازدەبێت.
چركــە: ئەدای لیســتی هاوپەیمانی چــۆن هەڵدەســەنگێنی؟
كاردۆ مەحمەد: ئەو ئەندام پەرلەمانە هەمــوو پاڵێوراوی حزبــن، ئەمەش كاریگەری لەســەر ئەدایــان هەیە، هەرچەندە كەســی بەتواناشی تێدایە.

# تەڵاق ئەو نەخۆشیە کوشندەی کە کۆمەلگا دەکوژێت.

**ئا:هەژار مجید**

زۆرن ئەو دیاردە کۆمەلایەتیانەی کە هەڕەشە لە کوشتنی کۆمەلگا دەکەن وەك نەخۆشی تەلاقیش یەکێکە لەو دیاردانە بە داخەوە دەلێین ساڵ لە دوای ساڵ ئەم دیاردەیە روو لە زیادبوونە هەرچەند بە هۆی تەڵاق کێشەی نیوان دوو کەس چارەسەر دەبێت وە لە لایەکی تریش ئافرەت لە کوشتن و سوتان و کۆمەلێك شتی تر دور دەخاتەوە بەڵام دەبێت ئەوەش بلێین کە کار لە سەر چۆنیەتی خراپ پەروەردە کردنی منداڵ دەکات چونکە ئەم مندالە کە دایك و باوکی لێك جیا دەبێتەوە دوور دەکەوێتەوە لە سۆزو خۆشەویستی دایك یان باوك ئەمەش دیسان کێشەیەکی تر بۆ تاکێك لە کۆمەلگا دروست دەکات.

فەرهاد کاکە/ ئەگەر سەرەتا پێناسەیەك بۆ تەڵاق بکەین دیارە مانای هەلوەشانەوەی شیرازەی خێزانە لە ئەنجامی لێك تێنەگەیشتنێك دروست دەبێت لە نێوان دوو کەسدا ئەویش ژن و مێردە شتێکی روون و ئاشکرایە کە ئەمرۆ دەبینین لە کۆمەلگای ئێمەدا ئەم دیاردەیە رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوونە وە من پیم وایە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ شێواندنی کۆمەلگەی کوردەواری.دیارە رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی(NGO) دەورێکی سەرەکیان بینیوە لە ماوەی رابردوو بۆ بەرز کردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەڵام دەتوانم بڵێم تاوەکو ئێستا وەك پێویست نەیانتوانیوە دەور ببینن لە کەم کردنەوەی ئەو دیاردەیە بە تایبەت رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان وە تاکەکانی کۆمەلگا خۆشیان تاوانبارن لە زیاد کردنی ئەم دیاردەیە چونکە ئێستا دەبینین پرۆسەی هاوسەرگیری لە سەر بنەمای سۆزەوە بنیاد دەنێن،راستە ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە لە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری بەڵام من پێم وایە خالی سەرەکی بۆ درۆست کردنی خێزانێکی تەندروست هاوسەرگیریە کە لە سەر بنەمای عەقلانیەت. هیوادارم کە بتوانین بە شێوەیەکی فراوانتر بیر بکەینەوە لە کاتی بڕیاردان بۆ دروست کردنی پرۆسەی هاوسەرگیری.

رازاو عمر/ دیارە تەڵاق دیاردەیەکی تازە نیە و تەنها لە کۆمەلگەی ئێمەدا نیە،بەلکو زۆر لە کۆمەلگاکانی جیهانی گرتۆتەوەو کۆمەلگەی ئێمەش لەو دیاردەیە بەدەر نیە.بەڵام ئەگەر داتای سالێك بهێنین لە کوردستان لە نیوان پرۆسەی هاوسەرگیری و لێك جیابوونەوە واتا تەڵاق ئەوە دەبینین رێژەی لێك جیابوونەوەکە زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ رێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری،وەرۆژ لە دوای رۆژیش ئەم دیاردەیە روو لە زدیادبوونە لە کۆمەلگای کە زۆر بە داخەوە ئەوە دەڵێم وە هۆکاری لێك جیابوونەوەی نیوان ژن ومێرد من دەگەرینمەوە بۆ کۆمەلێك هۆکار لەوانە خراپی باری دارایی خێزانەکان وە خیانەتی زەوجی جا چ ژنەکە لە پیاوەکەی چ پیاوەکە لە ژنەکەی بکات ئەمە هۆکارێکی زۆر سەرەکیە ئەمە کۆمەلێك کێشەی تریشی لە دوا دێت هتد.. وە ریگا چارەکان ئەوەیە کە پەلە نەکەین لە دروست کردنی خێزان واتا پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت هەموو هەولێکمان لە سەرەتای دروست کردنی خێزان ئەوە بێت کە لە داهاتوودا ئەم شتە روونەدات.

ئاری تۆفیق تۆێژەری کۆمەڵایەتی/

کۆمەڵێك هۆکاری ســەرەکی هەن کە بونەتە هۆی ئــەوەی ڕێژەی تەڵاق لە زیادبووندا بێت من خۆم بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق پێم ترســناك نیە ئەگەر بەراوردی بکەیــن لەگەڵ ڕێژەکانی کوشتن و خۆســوتاندنی ئافرەت لە کوردســتان ئێمە کە کاتێك باس لە بەرزبوونەوەی ڕێــژەی تەڵاق دەکەین دەبێت خوێندنەوەیەکی ســایکۆلۆژی بکەین کە تەڵاق لە کوێدا ڕوودەدات وە لە چە قۆناغێکی ژیان ڕوودەدات هاوســەری ڕوودەدات وە لە ئەنجامی چ ڕوودات ئێمە بە درێژایی، ساڵانی ڕابــردوو وەك دیاردەیەکی کەلتوری هەمیشە پێمان وابووە تەلاق حالەتێکی ســلبی نیە بەلکو لە حالەتێکدا زۆر ئیجابە کە ئێمە هەست بەوە بکەین لە نێــوان ژن و مێرد جۆرێك لە ئالۆزی هەیە وە ئالۆزیــە دەگاتە ئەوەی کە زۆر جار کارەساتی لێ بکەوێتەوە لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا کۆمەڵگای ئێمە تاوەکو ئێستا لە قۆناغی تازەی پەرەسەندن دایە نەگەیشتۆتە قۆناغی کۆمەڵگا پیشکەوتووەکان لە کومەڵگای پیشکەوتودا هەمیشە جۆریك لەوەی کەپێی دەڵێن گری بەستن بەلی گری بەستە ئەوگری بەستە مەرج نیە هەتا مردن تو رازی بیــت بەهەمووڵایەنە باش وخراپەکانی ئەو گری بەستە وە بۆ چیش ناوی لی نراوەگری بەســت چونکە ئەگەری هەڵوەشاندەوەی هەیە هەرلە ئەساســدا ناوەکــەی بۆ خوی تاقی کردنەوەو ئەزمونیشی پێوە دیارە لــە کۆمەڵگای پێشــکەوتوو تەلاق بۆتــە حالەتێکی ئیجابــی وە ئەوان بە قۆناغێکی ترســناکی نازانن پێیان وایە مرۆڤ هەســتی هەیە و ئەگەر بزانێت لەگەڵ بەرامبەرەکەی ناتوانی بگونجــێ وەك کۆمەڵگەی ئێمە نیە تا مردن بەردەوام بەو پەیوەندیە تەنها لە پێنــاوی ئەوەی ئەو تــازە تەلاق نادرێ. زۆر جار لە خێزانەکانی ئێمە باوك بــە کچەکــەی دەڵێ خۆش بێ و ترشــی بێ دەبێ دابنیشــی و بە هەموو شــتەکانی رازی بیت.بەس نابێتەڵاق بدرێی ئەمەش کارەساتە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تایبەت نەوەی ئێستا بە بڕوای من خۆش بەخترە لە جیلەکانی ساڵانی 1970-1980 بە دواوە. ڕێژەی تــەڵاق بۆچی کەم بووە لــەو کاتە؟چونکە هەمیشــە لە خێزانی ئێمــەدا ئامادەییان هەبوە کچەکانمان بە هەموو نەهامەتیەکان رازی بــن بۆ ئەوەی تــەلاق نەدرێن لــە بەر ئەوە مــن زۆر زۆر وتوومە تــەلاق قۆناغێکــی زۆر ئێجابیە لە قۆناغەکاندا . ئەگەر پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بگاتە رادەیەك کە بوونی کارەســاتی لێ بێتەوە بە رای من بە جیابوونەوە کۆتایی پێ بێت باشــترە، چونکە کۆمەڵێك پەیوەندی شــاراوە هەیە لە نیــوان ژن و مێرد کە ئێمە نایبینین و هەســتی پێ ناکەین . بەڵام ئەو کەســانەی کــە لە ناو ئەو موئەسەســانە کار لە سەر چاکسازی خێزان دەکەن هەســت بەوە دەکەن بە ئاســانی وەئەو رایەیان بۆ دروســت دەبێت کە تەلاق حالەتێکی ئیجابیە.

مەلا رشــید گەردی ماموســتای ئاینی/لەم روانگەیــە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاماژەی پێ کردوە کە تەڵاق شتێکی ناپەسەندە وە پێغمبەرمان د.خ لەســەر بێت دەفەرمویێت((ڕمرو لو عیند الله حلال تــەڵاق)) واتنا ئەو شتەی کە خوای گەورە زۆر رقی لێ دەبێتەوە ئەوەیە کە وشــەی تەلاق بە کار بێت واتا جیابوونەوەی ژن و میرد پاشــان دیاردەی تەلاق لــە ئەمرۆدا کیشەکانی زیاتر بۆ ئەوە دەگەریتەوە بۆ حالەتی ئابــوری و حالەتی یەکتر قبول نەکردن. زۆر جار ژن و پیاو لە ئەنجامی خراپ هەلســوکەوت کردن لەگەڵ یەکتردا تووشــی نەخۆشــی دەرونی دەبن و بەرامبەر بە یەکتر رق و کینە دروســت دەکەن.لە بەرامبەر یەکتریدا ئەوانــە هەموویان خیلافی ئاینی پیرۆزی ئیســلامە باشــترین شــت بۆ ئەوەی کەلمەی تەڵاق بە کار نەبێــت بە تایبەت لە کاتی ســوێند خواردن ئەگەر مرۆڤ لێکیش توورە بوو ماوەیەك قســە لەگەڵ یەکتری نەکەن. بە شــێوەیەکی گشــتی بە هەموو مەزهەبەکانی ســونە تەڵاق شــتێکی خەراپــەو ئاینــی پیرۆزی ئیسلام و شەریعەتیش پێی رازی نیە. وە ئاخیر شــت کە تەلاق بە کار دێت کە ئەنجامێکی خراپی هەبێت ئەگەر هەموو شــتەکان لێك تــرازان ئاینی ئیســلام حەلی تەلاقی داناوە بەڵام لە هەمان کات تەڵاقیش شتێکی شەرعیە کە جیابوونەوەی دوو تاکە کە پیاو و ئافرەتن.وە لــە رۆژی قیامەتیش لە بەهەشــت ئەو ژن و مێردەی کە لێك جیابوونەوە لە ســەر دنیا لە بەهەشت دیســان دەبنەوە ژن و مێردی یەکتر.

# ئومێدێکی نوێ بۆ وەزاەتی رۆشنبیری

**محەمەد فەریق**

کە ناوی وەزارەتی رۆرشنبیری دێت کۆمەلێك بەهاو بەرژەوەندی هونەری نەتەوەیی و زۆر شتی تر دێتە مێشکمان،رۆشـــنبیری بە واتای پڕ بە پێستی خۆی زۆر پیرۆزو قەشەنگە. لە زۆبەی وولاتانی جیهان ئاســـتی فەرهەنگ و رۆشـــنبیری ئەم وولاتە لە زۆربەی حاڵەت دا لە وەزارەتی رۆشـــنبیری رەنگ دەداتەوەو بەســـەیر کردنی کارەکان و چالاکییەکان و چۆنیەتی پرۆژەکان و ئاســـتی سود گەیاندنیان بە هاولاتیان و مەبەســـت لێیان دەتوانرێ تا ڕادەیەکی باش وەزارەتی رۆشـــنبیری هەڵبسەنگێندرێ و مســـتوای دیاری بکرێت کە ئایا بە فعلی وەزارەتێکە کە کار بۆ رۆشـــنبیری کردن و پەرەپێدانی کلتورە جوانەکان و هونەرەکان دەکات و ئایا بە فعلی هەوڵ دەدات بە دوای بۆشایی یەکانی رۆشنبیری وولات دا بگەرێ و بزانێ کە قەیرانەکانی رۆشنبیری و رێگە چارەکانیان کامانەن،ئایا ئەم وەزارەتە بە قەدەر پیرۆزی ناوەکەی،خۆی تەرخان دەکات ئەو کەســـە دڵسۆز و رۆشنبیرەی کە باس لە کێشە و پێشنیارێك بکات بە تەواوی گوێی لێبگرێ؟ ئایا بە فعلی هاتوە رۆشنبیران و هونەر دۆستان کۆبکاتەوە و داوای ڕاو پێشنیارییان لێ بکات و لەسەر بابەتەکانی رۆشنبیری دانیشتن بکرێت؟

ئەم پرســـیارانە و کۆمەڵێکی تر کە لە لام دروســـت دەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرم سوڕ بمێنیە لە کەم تەرخەمی و گوێ نەدانی وەزارەتی رۆشنبیری بە رۆشنبیری؟؟

لە کوردســـتانی خۆمان وەزارەتی رۆشـــنبیری زیاتر شـــتێکی هەیکەلی و ڕواڵەتییە کە پێك هاتوە لە بینایەکـــی جـــوان و گەورە و کۆمەلێك کـــەس تێیدا موچە وەردەگرن و لە وانیـــە هەندێکیان مانای رۆشنبیری بە راستەقینەکەی نەزانن!!

بۆ نمونە کارێك کە زۆر خۆی بۆ هیلاك کردبێت فیستڤاڵەکانی یەك لە دوای یەکن کە غەیری خاوەن پلەکان و سەرمایەکان کەسی تری نابینرێ و لە وانەیە گەنج و لاوی ئەم ولاتە هەر بانگهێشت نەکرێن بۆ بەشداری کردن تێیدا.

لەبەر ئەوە ئەگەر وردبینەوە زۆربەی رۆشـــنبیران و هونەر دۆســـتان و خاوەن هزرەکانی رۆشنبیری،لە ئەدای وەزارەت و چۆنیەتی بەرێوەچونی کارەکانی دلخۆش نەبوونە و گلەیی و گازەندەی زۆریان هەیە. بە کۆتایی هاتنی وەرزی وەزیری رۆشنبیری و ستافەکەی هیوایەکی نوێ بۆ رۆشنبیران دروست دەبێ کە ئەم وەزارەتە بەرەو جێ بە جێ کردنی ئە کەکانی زیاتر هەنگاو بنێت.

وەزارەتی رۆشنبیری لە کابینەی پێنجەم یەکێك بوو لەو وەزارەتانەی کە لە دوای خۆی گلەیی و رەخنەی زۆری بە جێهێشت بەم شێوەیە کە کەمتەرخەمی و بۆشایی کارەکانیان زۆر زەق تر بوو لەو کارانەی کە پێشکەشیان کرد